



پەیامی بەڕێز محەممەد نەزیف...

٤



دەقی وتووێژی بەڕێز...

٥



وتووێژ لەگەڵ بەڕێز...

٨



بونیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی...

١٠



قاسملوو، بیرمەند و ڕێبەری...

١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦١١، پێنج شەممە، ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٢، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

### پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە

بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە موسڵمانان بەتایبەت خوشك و براکانم لە کوردستانی ئێران دەکەم.

هیوادارم ژیانتان پڕ بێ لە جێژن و خۆشی و عیبادەتی مانگی ڕەمەزانیشتان قبووڵ بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

# ٢٥ی گەلاوێژ بریسکانەوەی ئامانجەکانی کورد

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسی

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمگەلێك، شەست و هەشتەمینساڵیادی دامەزرانی حیزبیان بەرز ڕاگرت.

هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژی هەینی ٢٥ی گەلاوێژ، ڕێوڕەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، ئەندامان و ژمارەیەك لە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسیەکان و میوانانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان ٦٨ کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە نیشانەی ٦٨ ساڵ خەبات و ئەمەگداری بە ڕێبازی دێموکرات، بە بەدەستەوەگرتنی ئاڵای کوردستان و لۆگۆی حیزب بانگهێشتی سەر شانۆ کران.

پاشان موحەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

بەڕێز قادری، وێڕای باسێکی کورت لە مێژووی حیزب وتی:" لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ پاش سێ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژ.ك، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کورد بە ڕێبەریی پێشەوا قازی موحەممەد، بە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە پاش شەڕی جیهانیی دووهەم، ئێران و کوردستانی لەخۆ گرتبوو، بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات بزووتنەوەی کوردیان لە ڕێبازێکی نوێی ڕێبەریی بەکۆمەڵ دانا."

بەڕێز قادری لە درێژەدا باسی لەوە کرد کە هەر ئەم لێکدانەوە دروستە بوو بە هۆی ئەوەیکە کەشێکی لەبار بۆ گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی حیزب بێتە دی و دواتر یەکەمین کۆماری فەرمیی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤، لە لایەن حیزبی دێموکرات و بە دەستی پێشەوا ڕاگەیەندرا.

لە درێژەدا پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی ژمارەیەك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەم بۆنەیەوە خوێندرایەوە.

دەقی تەواوی وتەکانی بەڕێز موحەممەد نەزیف قادری لە لاپەڕەکانی ٤ و ٩ی ئەم ژمارەدا هاتووە.



## ڕێبەری ئیخوانولموسلمین لە میسر دەستبەسەر کرا



بە پێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبیە، سەرلەشکر عەبدولفەتتاح عوسمان یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی ئامادەبوو لە شوێنی قۆڵبەستکردنی موحەممەد بەدیع ڕایگەیاند:" ڕێبەری ئیخوانولموسلمین لەگەڵ تۆمەتگەلێکی وەك کوشتن، ئەشکەنجەی دژبەران و هەڕەشە لە تەناهیی نەتەوەیی و سەقامگیریی وڵات بەرەوڕوو دەبێتەوە."

لەو توندوتیژییانەی کە لە ڕەوتی تێکهەڵچوونەکان لە نێوان هێزە ئەمنیەتییەکان و لایەنگرانی ئیخوانولموسلمین و موحەممەد مۆرسی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕووی داوە، زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە سەرانسەری میسردا کوژراون. هەروەها کاناڵی تەلەفزیۆنیی سی ئێن ئێن لە زاری دەیڤید کارۆل، وتەبێژی سێناتۆر پاتریك لێهی ڕایگەیاند کە ئیدارەی باراك ئۆباما بەشێك لە یارمەتییە سەربازییەکانی بە میسر تا کاتی " بەرنامەڕێژیی دووبارە" لەمەڕ بەخشینی یارمەتییە سەربازییەکان بەم وڵاتە بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرتووە.

بەڵام عەرەبستانی سعوودی هوشداری بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی داوە کە خۆیان لە گوشارهێنان بۆ سەر حکوومەت و سوپای میسر بە مەبەستی ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆن دژی ئیخوانولموسلمین ببوێرن. ئەم وڵاتە بەڵێنی ئەوەشی داوە کە بە دانی یارمەتییە داراییەکان، بۆشایی یارمەتییەکانی ڕۆژئاوا بۆ میسر قەرەبوو دەکاتەوە.

## کونفرانسی ژنێڤ، ڕووسیە و ئامریکا دەباتە لاهە



دیپلۆماتە پلەبەرزەکانی ڕووسیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا "حەوتووی داهاتوو" لە لاهەی هولەند، لەمەڕ "دانووستانە نێونەتەوەییەکانی ئاشتی بۆ سووریە" چاوپێکەوتن و وتووێژ دەکەن.

جێن پساکی، وتەبێژی وزارەتی دەرەوەی ئامریکا، ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی گەلاوێژ ڕایگەیاند:" ڕووسیە و ئامریکا ماوەیەکی دوور و درێژە لەسەر ئەم بڕوایەن کە کونفرانسی ژنێڤ باشترین ئامرازە بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی سیاسی لە سووریەدا".

هەواڵنێریی ئینترفاکس لە زاری گنادی گاتیلۆف، لە جێگرانی وزارەتی دەرەوەی ڕووسیە نووسیویەتی، ئومێدی ئەوە دەکرێ کە دوو لایەن لەسەر ئەوەیکە چ کەسانێك لەم کونفرانسەدا بەشداری بکەن، ڕێك بکەون.

هەواڵنێریی ڕۆیترز دەڵێ، بەشداریی ئێران لە "ژنێڤی٢" بابەتێکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە وردبینییەوە سەیری دەکا، چوونکە لە ڕۆڵی تاران لە قەیرانی سووریە و پاڵپشتیی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد ناڕازییە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئامریکا و ڕووسیە چەندین جار لەسەر بەڕێوەچوونی کونفرانسی ژنێڤی ٢ ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کردووە و ڕایانگەیاندووە"سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونەکان"یان، لەسەر بەڕێوەبردنی دانووستانەکانی ئاشتی هاوڕان.

پەیڤ

ناهید حسێنی

### ٦٨ ساڵ خەبات و خۆڕاگری

نزیك بە ٥٠٠ ساڵ بەسەر شەڕی چاڵدراندا تێپەڕیوە و لەو ٥٠٠ ساڵەدا مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد هەوراز و نشێو و نسکۆ و سەرکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. خەباتێك کە لە سەرەتادا ئاڵاهەڵگرەکانی توێژی ئایینی و دەرەبەگەکان بوون. مێژووی نەتەوەکەمان تەژییە لەو شانازییانەی ئەو جوامێرانە بۆیان تۆمار کردووین وەك خانی لەپ زێڕین، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحموودی نەمر، سمایل ئاغای شکاك، مەحموود خانی کانی-سانان، مەلا خەلیلی مەنگوڕ و بە دەیان کەسایەتی دیکەی نیشتمانپەروەری کورد. دیارە لەم وتارە کورتەدا ناتوانین تیشك بخەینە سەر ئەو ڕەهەندانەی پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی بوونە هۆکاری ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و تەنیا دەپەڕژێینە سەر ئەوەی کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانیی و لە دەرئەنجامی ئەو شەڕەی لە نێوان زلهێزگەلێك وەك ئامریکا، بریتانیا و یەکیەتیی سۆڤییەت و ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن کەوتەوە و هەستیار بوونی جوگرافیای وڵاتی ئێران لەو ململانێ چارەنووسسازەدا، دۆخێك بۆ نەتەوە بندەستەکان و لەوانە نەتەوەی کورد ڕەخسا بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش هەوڵی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بدەن.

بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ ی هەتاویدا، کۆمەڵەی ژ ـ ك بە ١١ ئەندامەوە کە لە توێژی خەباتکارانی پێش خۆیان نەبوون و لە توێژی نێونجی و ئاسایی کۆمەڵگا بوون دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە هەرچەند لەباری وشیاریی نەتەوەیی و کاری ڕێکخراوەیی چالاکیی زۆری نواند، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی سەردەمیانە نەیدەتوانی بە گوێرەی پێویست کاریگەر بێ، هەربۆیەش بەپێی ئەو دۆخە هەستیارە کە لە ناوچە، ئێران و کوردستان و بە تایبەتی شاری مەهاباد هاتبووە ئاراوە، پێویستی دامەزرانی ڕێکخراو یان حیزبێك بە ئاشکرایی و بە بەرنامەی مۆدێرن و پێشکەوتوو هەستی پێدەکرا. تا ئەوە کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژ .ك، حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. بەو پێیە کە حیزب گرینگترین ڕێکخراوی سیاسی لە ڕەوتی دێموکراسییە سەردەمیانەکانە، دامەزرانی یەکەم حیزبی کوردی بەو برنامە پێشکەوتوو و مۆدێڕنانەوە کە پێشکەشی کرد، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورددا. ئێستاش پاش ٦٨ ساڵ لە دامەزرانی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خەبات و خۆڕاگریی خۆی وەك پێشەنگێك لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورددا ماوەتەوە و جێ‌پەنجەی لەو ڕەوتەدا نکوڵیی لێ ناکرێت.

لەم بۆنە پیرۆزەدا، ڕێز لە خەباتی هەموو ئەو خەباتکارانە دەگرین کە ڕەوڕەوەی خەباتی ئەو حیزبەیان گەیاندۆتە ئێرە و یادی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان بەرز ڕادەگرین.

## بەڕێز مستەفا هیجری، سەردانی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵی کرد



دوانیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، بەڕێز کاك مستەفا هیجری لەگەڵ شاندی حیزب، لە نزیکەوە لە رەوشی تەندروستیی رێزدار "عیزەدین مستەفا رەسووڵ"ی پرسی. بەڕێز پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ دۆستێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و هەمیشە لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەو حیزبەدا، لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا بەشدار بووە و خاوەنی هەڵوێستی بەرزی نەتەوەیی یە.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پرسەی مامۆستا شێرکۆ بێکەسدا بەشداریی کرد

رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژ، شاندی حیزب لە پرسەی شێرکۆ بێکەسدا بەشدار بوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پرسە و هاوخەمیی خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بنەماڵەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و هاوڕێیانی راگەیاند. بنەماڵەی شێرکۆ بێکەس، بە پێزانینەوە، سپاسی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چوونیان بۆ ئەو پرسەیە کرد.

## پەیامی هاوخەمی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بونەی کۆچی مامۆستا کاک ئەحمەد حەسەنخاڵی

مامۆستایان و قوتابییانی خوشەویست

بەداخەوە رادەگەیەنین کە مامۆستا ئەحمەد حەسەنخاڵی مامۆستای قوتابخانە و کەسایەتیی ناوداری شاری مەهاباد بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد و لە تەختەڕەشە و قوتابییان و قوتابخانە ماڵئاوایی کرد. کاك ئەحمەد هەر چەند لە بنەماڵەیەکی ناوبەدەرەوە مەهاباد بوو بەڵام ئەوەی قورسایی دەدا بە کاك ئەحمەد نیشتمان پەروەری و خەڵك خوشەویستی و گەل دوستی بوو. ئیمە وەك یەکیەتی پیشەیی ماموستایانی کوردستانی ئێران هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی کاك ئەحمەد و بەتایبەت گەورەی بنەمالەیان دایە زێنەب شەرەفکەندی و منداڵەکانی دەردەبڕین و خومان بە هاوخەمیان دەزانین و سەرەخۆشی لە مامۆستایان و قوتابییانی شاری مەهاباد دەکەین.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران
٢٩ی گەلاوێژی ٢٧١٣ کوردی

## بەڕێوەچوونی جیژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا

جەژنی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی حیزب و پارت و رێکخراوە سیاسی و سینفییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا، بەڕێوەچوو. شایانی باسە ئەم جیژنە و یادی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتانی بێلژیك ، دانمارك، نۆرویژ، رۆژهەڵاتی کانادا و هەروەها ئامریکا بە شکۆ و رێزێکی تایبەتییەوە لە نێو ئامادەبوونی ئەندامانی حیزبی، میوانان و جەماوەری بەشداربوو، بەرز راگیرا.

## حیزبی دێموکرات لە ٦٧ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستاندا بەشداری کرد



ئێوارەی هەینی رێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ لەسەر بانگهێشتی پارتی دێموکرات، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی رێزدار کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی لە یادی دامەزرانی ئەو پارتەدا بەشدارییان کرد و لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا.

بەڕێز مستەفا هیجری بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکرات و سەرکردایەتی ئەو پارتە کرد.

لەو یادەدا نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان، نوێنەرانی دەزگا حکوومییەکان و سەندیکاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی کونسولگەرییەکانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر، بەشدارییان لە ئێوارە خوانێکی تایبەتدا کرد. شاندی حیزبی دێموکرات لەو ئاهەنگەدا لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان دیداری نوێ کردەوە.

## هەیئەتێکی حیزبی شیوعی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ شاندێکی حیزبی شیوعی کوردستان بە سەرپەرستی دکتۆر محیەدین حەسەن ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی سەردانی دەفتەری سیاسییان کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستی بەرێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی پێشوازییان لێکرا. لە دیدارەکەدا هەیئەتی حیزبی شیوعی پیرۆزبایی خۆیان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ پێشکەش بە حیزبی دێموکرات کرد و ئەو حیزبەیان بە هێزێکی کاریگەر لەخەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمان زانی و رایانگەیاند کە شانازی بە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتەوە دەکەن. لەو پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بەو هاوڕێیانە کرد و لەو باوەڕەدابوون کە حیزبی شیوعی کوردستان لەو حیزبە تێکۆشەرانەی نەتەوەکەمانە کە پێوەندیەکی دۆستانە و نیزیکی لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەبووە و بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەیی لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکی حیزبی داناوە.

## سەردانی شاندێکی "PYD" لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢١ی گەلاوێژ شاندی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێری کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازیان لێکرا. تەوەری باسەکانی دوو لایەن بریتی بوون لە لێکدانەوەی رەوشی جووڵانەوەی کورد لەهەرکام لە بەشەکانی کوردستان و بەتایبەت کوردستانی رۆژئاوا. لەبەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا چۆنیەتی سیاسەت و هەڵسوکەوتی هەرکام لە وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و پێداگرتن لەسەر تەبایی و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی جووڵانەوەی کورد و هاوکاری کردنیان لەگەڵ یەکتر لە پێناو دابینکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لەو قۆناخە هەستیارەی کە ناوچەکەی تێدایە تاوتوێ کرا.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە دانانی لەوح و مۆنۆمێنت لەسەر گڵکۆی شەهیدان، لە بازیان بەشداری کرد

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ ناوەندی رۆشنبیریی شارۆچکەی بازیان بە مەبەستی رێزلێنان لە پۆلێك شەهیدی حیزبی دێموکرات لەوحی لەسەر گڵکۆکەیان دانا و بۆ ئەو مەبەستەش بە فەرمی حیزبی دێموکراتیان بانگهێشت کردبوو. لەو کۆڕە رێزلێنانەدا تاهیر مەحموودی بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای ئاماژە بە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب، قۆناغەکانی خەباتی سەخت و پڕ لە شانازیی ئەو حیزبەی باس کرد و سوپاس و پێزانینی لە مودیری ناحیە و ناوەندی رۆشنبیریی بازیان و سەرجەم دام و دەزگاکانی بازیان کرد.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی تاجە گوڵینەیان لەسەر گڵکۆی شێرکۆ بێکەس دانا



رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢١ی گەلاوێژ شاندی حیزبی دێموکرات، پێکهاتوو لە بەرێزان ناهید حوسێنی و محەممەد ساحێبی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای بەشداری لە رێوڕەسمی بە خاك سپاردنی شێرکۆ بێکەس، تاجە گوڵینەیان لەسەر گلکۆی ئەو شاعیرە کۆچکردووە دانا. شاندی حیزبی دێموکرات هاوکات هاودەردی و هاوخەمی خۆیان و حیزبیان بە بنەماڵەی خواڵێخۆشبوو شێرکۆ بێکەس راگەیاند.

شایانی باسە ئێوارەی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠ گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، لەکاتی گەیشتنەوەی تەرمی "شێرکۆ بێکەس" شاعیری نیشتمانپەروەری کورد بۆ کوردستان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز "محەممەد ساڵح قادری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر، تاجەگوڵینەیان لەسەر تەرمی ئیمپراتۆری شیعری کوردی دانا.

## لە ناوەندی ٣ی کوردستان رێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوە چوو



رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژ لە ناوەندی ٣ی کوردستان رێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ بەڕێوە چوو. سەرەتا سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب خوێندرایەوە و دواتر یەك خولەك بێدەنگی راگەیەندرا. پاشان سدیق دەروێشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی سێ چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش بە ئامادە بوان کرد. دواتر سروودێك لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا و لە بڕگەیەکی دیکەی مەراسمەکەدا پەخشانێك لەلایەن قادر کەریمییەوە خوێندرایەوە و کۆڕی سروودی ناوەندی ٣ی کوردستان سروودێکیان پێشکەش بە ئامادە بوان کرد. لە بەشێکی دیکەی مەراسمەکەدا چەند کۆپلە گۆرانیی فۆلکلۆر پێشکەش کرا و دواتر پەیامی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خوشکە "هاجەر قادری"یەوە خوێندرایەوە. پاشان چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ نمایش کرا و رێوڕەسمەکە بە هەڵپەڕکێ و شایی کۆتایی پێهات. هەر لەو پێوەندییەدا مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان چەپکە گوڵێکیان بە نیشانەی پیرۆزبایی پێشکەش بە بەڕێوەبەرانی رێوڕەسمەکە کرد.

## رێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە ناوەندی ١ی کوردستان بەڕێوەچوو



رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٧ی مانگی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، رێوڕەسمێك بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەناوەندی ١ی کوردستان، بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە و کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب بەڕێوەچوو. رێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل، دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان لە لایەن کاك "تاهیر کەسیلی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ١ی کوردستانەوە خوێندرایەوە. بڕگەیەکی دیکەی رێوڕەسمەکە بریتی بوو لەپەیامی کۆمیتەکانی لاوان و ژنان کە لە لایەن "چنار بەهرامی"ەوە خوێندرایەوە. پەیامی کۆمیتەی حیزب لە کەمپی کاوە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە لەلایەن "برومەند ئەلیاسی"یەوە پێشکەش کرا. لە میانەی رێوڕەسمەکەدا کۆمەڵێك شیعر و پەخشان و گۆرانی لەلایەن بەڕێزان عوسمان کەریمی، بەیان پیرانی، ئاوییەر شێخی، سوارە حەیدەری، ئیمان ئەلیاسی و نێعمان مەلەکییەوە پێشکەش کرا.

هەروەها کۆری موزیکی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزب بە دوو سروود رێوڕەسمەکەی پتر رازاندەوە.

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## چالاکیی بەرینی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە



چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و گوند و ناوچە جۆراوجۆراەکانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت، پوستری تایبەت بە ٢٥ی گەلاوێژ، ئاڵای کوردستان، ئارمی حیزب، وێنەی رێبەرانی شەهید، نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، هەوادانی فوودانەی شین، بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوەچووە. بە هۆی زۆر بوونی هەواڵەکان لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ناوی شار و ناوچەکان دەکەین. ئیلام، پاوە، سنە، بۆکان، شنۆ، بانە، مهاباد، مەریوان، شارۆێرانی مەهاباد، تیکاب، سەرپێڵی زەهاو، کرماشان، قەسرشیرین، داڵاهۆ، ناوچەی جوانڕۆ، هەورامان، نەغەدە، سەوڵاوا، پیرانشار، مەرگەوەڕ، کامیاران.

بۆ دیتنی و خوێندنەوەی هەواڵی چالاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستان سەردانی سایتی"کوردستان میدیا" بەکەن.

## لە زەریاچەی زرێبار رێوڕەسمێک بۆ منداڵانی کوردی سووریە بەڕێوە چوو



رێوڕەسمی هاوخەمی لەگەڵ منداڵانی کوردی سووریە شەوی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژ بە بەشداریی ژمارەیەك لە رێکخراوەکانی ئەو شارە و هاووڵاتیان بەڕێوە چوو. سەرەتای رێوڕەسمەکە بە خولەکێك بێدەنگی دەستی پێکرد و دواتر راگەیەندراوی ژمارەیەك لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی شاری مەریوان خوێندرایەوە. دواتر نوێنەری ژنانی مەریوان چەند وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد و لە ناوئاخنی رێوڕەسمەکەشدا چەندین شێعر و پەخشان خوێندرانەوە. بەشدارانی رێوڕەسمەکە بە دانی دروشم پشتیوانیی خۆیان لە منداڵانی کوردستانی رۆژئاوا دەربڕی و تیرۆریزمیان مەحکووم کرد.

## ئەنیستیتۆی کلتوری و هونەریی خانی لە شاری ورمێ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە داخرا




لاپەڕەی فەیس بووکی ئەنیستیۆی خانی بڵاوی کردۆتەوە، رێکەوتی ٢٠ی گەلاوێژ لەسەر بڕیاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد و بە هاوکاریی هێزەکانی سەر بە ئەماکن، ئەنیستیۆی خانی داخرا. ئەو بنکە ئەدەبی ـ هونەرییە ماوەی چەندین ساڵە بە مۆڵەتی فەرمیی فەرهەنگ و ئیرشاد سەرقاڵی چالاکی نواندنە. ئەو ئەنیستیتۆیە لە ساڵی ١٣٨١ەوە بە شێوەی فەرمیی دامەزراوە و لە بوارەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، بەشی شانۆ و بەشی موزیك چالاکیی هەبووە. ئەو ئەنیستیتۆیە چەندین کۆمیتەی وەکوو، کۆمیتەی ئەدەبی، کۆمیتەی ژن و ژیان، کۆمیتەی خوێندکاریی لەخۆ گرتووە و لە رێگای ئەوانەوە کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس بەڕێوە دەبات.

## رێوڕەسمی کۆڕیادی شێرکۆ بێکەس، لە تالاری "وەحدەت"ی تاران بەڕێوە چوو



بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سەرلەئێوارەی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژ ئۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها رێژەیەکی بەرچاو لە ئەدیب، نووسەر و رۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی تاران رێوڕەسمێکیان لەژێر ناوی "شەوی شێرکۆ" بەڕێوە برد.

سەرەتای رێوڕەسمەکە "قوتبەدین سادقی" کارگێڕی ئەدەبی هونەری چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و رایگەیاند: "من چاوپێکەوتنی "شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد شاملوو"م لە نزیکەوە بینیەوە کە لەو دیدارەدا دوو شاعیری بێ وێنە و نوێخوازی رۆژهەڵاتی جیهان کەوتنە بەر چاوم".

لە درێژەی ئەو رێوڕەسمەدا، پەیامی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە کە لە بەشێك لەو پەیامەدا هاتبوو، "مردنی شێرکۆ بێکەس وەها جیهانی تووشی داچڵەکان کرد کە هەتا ئێستاش زۆرێك لە شاعیران بڕوایان بە مردنی شێرکۆ بێکەس نەهێناوە".

کوردەکانی نێشتەجێی ناوەند، ئەنستیتۆی فەرهەنگیی کوردستان و ئەنستیتۆی زمانی کوردیی "راژە" بە ناردنی پەیام هاودەردیی خۆیان راگەیاند.

لە کۆتایی رێوڕەسمەکەدا "شەهرام نازری" مامۆستای مۆسیقای کلاسیك، بۆ یادی شێرکۆ بێکەس ٢ پارچە مۆسیقای پێشکەش کرد و رایگەیاند، ئێمە بۆ کەسانێك رێوڕەسم دەگرین کە سەرجەم بەرهەمەکانیان لە قەیرانەکاندا خوڵقاندبێت.

دەگوترێت زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لەو رێوڕەسمەدا بەشدارییان کردبوو کە بەهۆی کەمیی جێگەوە زۆربەی ئۆگران نەیانتوانی لە نێو هۆڵەکەدا بەشداری رێوڕەسمەکە بن.

## لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداریدا لە هەورامان سێ کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران و بریندار کران

شەوی شەممە رێکەوتی ١٩ی گەلاوێژ لە نێوان سنووری ئێران و هەرێمی کوردستان، پاسگای "ئاوێسەر"ی سەر بە بەخشی نەسوود لە نزیك ئاوایی زاوەر هێرشی کراوەتە سەر. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا دەرەجەدارێك (استوار) بە ناوی "شەهرام سوهەیلی" خەڵکی شاری کرماشان دەست بەجێ گیانی لەدەست داوە و دوو سەربازیش کوژراو و بریندار بوون کە ناوی سەربازە کوژراوە "هادی غولامی‌بەتار"ـە و خەڵکی شاری هەمەدانە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار ئەو پاسگایە لە ئازاردانی هاووڵاتیانی ناوچەی نەوسووددا دەستێکی باڵای هەبووە.

## کەسایەتێکی کورد لە مەریوان کۆچی دوایی کرد

محەممەد شەریف حەلیمی دانیشتوی شاری مەریوان بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان کرد. کاك محەممەد لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە کردووە و هەتا ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی پێشمەرگە بووە و دواتر لەسەر ئیجازەی حیزبی دێموکرات چۆتەوە زێدی خۆی. محەممەد شەریف حەلیمی خەڵکی شاری نودشەیە، بەڵام ماوەیەك بوو لە شاری مەریوان نیشتەجێ بوو. ئەو هاووڵاتییە کوردە لەناو خەڵکی ناوچەکەدا بە کەسێکی خۆشناو ناسرابوو و جێی متمانەی خەڵك بوو، کاك محەممەد باوکی دوکتور ئەفراسیاب هەورامی بوو کە ٣ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لەبنەماڵەی محەممەد شەریف حەلیمی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب لە دەرەوەی وڵات

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، رۆژی ١٣٩٢/٥/٢٢، هاوڕێ جەلال قادرزادە کوڕی محەممەد و خەڵکی مەریوان لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بە هۆی راوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کردووە. ناوبراو ماوەی ٥ ساڵ لە هێزی زرێباری مەریواندا پێشمەرگەی حیزب بووە و دواتر چۆتە هەندەران و لە وڵاتی نۆرویژ گیرساوەتەوە و تا دوا ساتی تەمەنی وەك ئەندامی حیزب ماوەتەوە و کاری کردووە. کاك جەلال برای شەهید عومەر قادرزادە و ئامۆزای شەهید کەماڵی قادرزادەیە.

## تەقەی هێزەکانی رێژیمی ئێران لە کۆڵبەران، قوربانیی لێکەوتەوە

رۆژی سێ‌شەممە رێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، هێزە چەکدارەکانی رێژیمی ئێران لە سنووری سەردەشت هێرشیان کردە سەر ژمارەیەك کۆڵبەر و لە ئەنجامی تەقەی راستەوخۆی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "عوسمان نەبی‌پوور" تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی گوندی "نێوچوان"ی سەربە شاری سەردەشت، بە توندی بریندار کرا. عوسمان نەبی‌پوور بە برینداری کەوتووەتە دەستی هێزەکانی رێژیم و پاش دەسبەسەرکران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و لە ئاکامی خرابیی تەندروستیی ناوبراو، بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێ راگوێزراوە.

## کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی مەریوان کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ مەلا محەممەد کەسایەتییەکی ئایینی و ناسراو و جێی بڕوای خەڵکی مەریوان ماڵئاوایی لەژیان کرد و تەرمەکەی لە ئاوایی "وڵەژێر" بەخاك ئەسپێردرا. مەلا محەممەد مامۆستایەکی ئایینی و جێی دڵنیایی خەڵك بوو و لەباری باوەڕی سیاسییەوە دژبەری رەوتی ئیسلامی سیاسی و رەوتە توندڕەوە ئایینیەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لەبنەماڵی خوالێخۆشبوو دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

## کچی بنەماڵەیەکی حیزبی لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد

سەحەر حیسامی کچی ماهرۆخسار عەنایەتی و نەجمەدین حیسامی لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد. ناوبراوو لە یەکێك لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە گەورەدێ لەدایك ببوو. کۆچکردوو ماوەیەکیش وەك ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاری کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەحەر حیسامی دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی باوکی چەند شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان و باوکی دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات

**سنە:**

رێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، شەریف محەممەدی باوکی شەهید محەممەد نەجیم محەممەدی لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. محەممەد نەجیم محەممەدی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لەدایك بووە و پاش پەیوەست بوون بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەییشتن بە پلەی کادری، لە رێکەوتی ١٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لەلایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شاری سنە ئیعدام کرا.

**سەردەشت:**

رێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، "رەحمان عەبدوڵڵازادە" باوکی شەهید "ئیسماعیل عەبدوڵڵازادە" لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. بنەماڵەی کاك رەحمان بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و خەباتکارن و لە شۆڕشی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧، پشتیوانی بەئەمەگی ئەو شۆڕشە بوون و راستەوخۆ بەشدار بوونی.

کاك رەحمان عەبدوڵڵازادە چەندین جار لەلایەن رێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر و ئەشکەنجە و ئازار دراوە. ناوبراو هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی بە رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەفادار مایەوە. شەهید ئیسماعیل عەبدوڵڵازادە لە خەرمانانی ١٣٦٨ لەکاتی بەرگری لە نیشتمان و هێرشی چەکدارانەی رێژیم بۆ سەر کوردستان شەهید بوو.

**هەورامان:**

خاڵۆ "مستەفا مەکاری" باوکی محەممەدخان مەکاری کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێکەوتی ١٨ی گەلاوێژ، لەشاری نۆدشە لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. خاڵۆ مستەفا کەسێکی نیشتمانپەروەر و جێگای رێز و حۆرمەتی خەڵکی شاری نۆدشە بوو و هەمیشە پشتیوانێکی بەئەمەگ و هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ کوڕەکەی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە محەممەدخان لەلایەن رێژیمەوە دەستبەسەر کرابوو.

**بۆکان:**

رۆژی سێ‌شەممە رێکەوتی ٢٢ی گەلاوێژ، "حاجی عەزیز فەیزی" خەڵکی ئاوایی "بی‌بی‌کەندی" سەر بە شاری بۆکان، لە نەخۆشخانەیەکی شاری ئیسفەهان بە هۆی نەخۆشی، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. حاجی عەزیز باوکی مەهتاب فەیزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو و لە ناوچەی بۆکاندا بە کەسێکی خۆشناو ناسراو بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی کاك شەریف، رەحمان عبدوڵڵا زادە و حاجی عەزیز، کاك حەمەخان دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداری خەمیان دەزانێت.

# پەیامی بەڕێز محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات




هاونیشتمانانی خۆشەویست!
خوشك وبرایانی بەڕێز!
بەشداربووانی هێژا،
زۆر بەخێربێن!

ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە، جارێکی دیکە لە ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، و ئەستێرەی پرشنگداری جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد، ڕێز بگرین و ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە تێکۆشەرە بدەینەوە. لەم ڕۆژە مێژوویی و بۆنە نەتەوەییەدا، لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە گەلی کورد، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان بکەین، سڵاوی ئەمەگناسی و خۆشەویستی بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو ئەو تێکۆشەرانە بنێرین کە بۆ درێژەی ئەم ڕێبازە گیانی خۆیان فیدا کردووە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی، پاش ٣ ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژ ـ ك، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بە لێکدانەوەیەکی سیاسی، لە سەر ڕەوشی سیاسیی ئێران و کورد، بەتایبەت دوای ئەو بارودۆخە سیاسییە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ئێران و کوردستانی گرتبۆوە بە خوێندنەوەیەکی مۆدێرن و جیهانبینییەکی نوێوە بە پێکهێنانی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی کوردی خستە سەر ڕێبازێکی نوێ و ڕێبەریەکی بە کۆمەڵ و بەرنامەی سیاسیی حیزبیان لە ٨ خاڵدا پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کرد، دامەزرانی حیزبی دێموکرات بوو بە هۆی پێشوازیی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران لە ماکۆوە بگرە تا ئیلام. جگە لەوە، پەیامی حیزبی دێموکرات، هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە و پۆل پۆل ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و پشتیوانیی خۆیان لە دامەزرانی ئەم حیزبە نەتەوەیی و پێشکەوتووە دەربڕی.

خوشك و برایانی بەڕێز!

شوێندانەریی پێشەوا قازی محەممەد، لە بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان و گەشە کردنی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات، کەشێکی لەباری بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە ئامانجە لەمێژینەکانی ڕەخساند. ئەوە بوو کە پێشەوا قازی محەممەد ئەم دەرفەتە لەبارەی قۆزتەوە و بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، کۆماری کوردستانی وەك یەکەم دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند. بەم چەشنە، گەلی کوردی لە بەشێك لە خاکی کوردستان بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەیاند. دەسکەوتێکی دیکەی حیزبی دێموکرات کە نموونەی پێشکەوتوویەتی دامەزرانی ڕێکخراوی مەدەنی و سینفی بوو کە یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان بەرهەمی ئەو ڕوانگە کۆمەڵایەتییەن.

پاش نسکۆی کۆماری کوردستانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ درێژەدان بە خەبات و وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، ڕێکخستنەکانی خۆی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەر لەنوێ ڕێکخستەوە و لە چەندین قۆناغی مێژووییدا توانیی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆی بگێڕێ.

بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی ١٧یەمی مەجلیسی شورای میللی ئێران و سەرکەوتنی کاندیدای حیزب لە شاری مهاباد، لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی و پشتیوانی و ڕێبەری کردنی ڕاپەڕینی جوتیارانی مەڵبەندی موکریان دژی فیۆدالەکان و دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و لە هەموو گرینگتر لێکدانەوەی ژیرانەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەتایبەت شرۆڤەکردنی ئەو ڕووداوانە لە لایەن ڕێبەری مەزن د. عبدولڕەحمان قاسملوو، لە دەسپێکی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و دانانی کومیتەی زاگرۆس لە تێکۆشەرانی حیزب بە ئامانجی ڕێبەری کردنی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان نموونەی شێلگیربوونی حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

بەشداربووانی هێژا!

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران، و دوای ئەو هەمووە خەبات و بەرخۆدانەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد، ڕێبەرانی ئایینیی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵك، ڕێبازی ئەو شۆڕشە مەزنە، کە بەرهەمی ڕاپەڕین و خوێن و خەباتی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان بوو بە لاڕێدا برد، جارێکی دیکە کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی تینووی ئازادییان تووشی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و داپلۆسێنەرتر لە ڕێژیمی پێشوو کرد.

لە دەستپێکی ئەو سیاسەتەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێك لەو لایەنە سیاسیانە بوو کە هەستی بەو مەترسییە کرد و لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران کەوتە دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە بۆ ئەوەی بە پلاتفۆرمێکی سیاسی بتوانن ڕێژیمێکی دێموکراتیك بێننە سەرکار. بە داخەوە بە هۆی ناهەماهەنگی سیاسی و لێکدانەوەی هەڵەی بەشێکی دیکە لەو لایەنە سیاسیانە، ڕێبەرانی ئایینی ئەو بۆشاییانەیان قۆزتەوە و لە بەناو ڕیفراندۆمێکدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند، لەگەڵ ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵوێستی مێژوویی خۆی گرت، لەم بە ناو ڕیفراندۆمەدا بەشداریی نەکرد و بێ‌بنەمابوونی ئەم ڕێژیمەی لەقاو دا، ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە جێگە و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات لە کوردستان و شوێندانەریی سیاسی لەسەر بزووتنەوەی مافخوازی گەلانی ئێران و بانگەشەی دێموکراسیخوازیی حیزبیان لە ئاستی سەرتاسەریدا بە مەترسی لەسەر سیاسەتە نادێموکراتیکەکانیان دەزانی، زوو کەوتنە پیلانگێڕان دژی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان، ئەوەبوو چەندین شەڕی خوێناوییان لە کوردستان وەڕێخست و سەرئەنجام بە پێکهێنانی شەڕی خوێناوی پاوە، خومەینی بڕیاری هێرشی سەرتاسەری و فتوای جیهادی بۆ سەر خەڵکی کوردستان دا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و تەواوی هەوڵەکانی ڕێبەرانی کوردی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردی لە ئێران لەبار برد.

> ئێمە ٦٨ەمین ئاهەنگی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە بارودۆخێکدا دەگرین کە جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە گەشە کردندایە و بەرەو ئاقارێك هەنگاو دەنێت کە گەلی کورد ببێتە خاوەنی شوناس و سەروەریی نەتەوەیی

خوشك و برایانی بەڕێز!

لەبەرانبەر ئەم سیاسەتە دژە مرۆییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیاری بەربەرەکانێ و داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردی دا، لەو کاتەوە تا ئێستا خەباتێکی پڕ لە قوربانیدان و بەرخۆدان لە ئارادایە و بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان ئەندام، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و ڕێبەرانی هەڵکەوتووی حیزبە تێکۆشەرەکەمان گیانیان لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد پێشکەش کردووە و بە خوێنی خۆیان ڕەوایی ئەم خەباتەیان سەلماندووە.

بەڕێزان!

ئێمە ٦٨ەمین ئاهەنگی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە بارودۆخێکدا دەگرین کە جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە گەشە کردندایە و بەرەو ئاقارێك هەنگاو دەنێت کە گەلی کورد ببێتە خاوەنی شوناس و سەروەریی نەتەوەیی، لە باشووری کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پرسی کورد لە عێراق بکاتە یەکێك لە فاکتەرە ئەساسییەکانی ناوچە.

لە باکوری کوردستان، بزووتنەوەی جەماوەریی و مەدەنیی کورد ڕوو لە گەشە کردنە و پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیار، بۆ چارەسەری پرسی کورد لە نێوان دەوڵەتی تورکیە و سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK وتووێژ دەستی پێ‌کردوە. هیوادارین ئەم ڕەوتە، ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دابین بکا. پرسی کورد لە سوریەش، ئێستا یەکێك لە پرسە سیاسییەکانی ناوچەیە، ئەو بەشە لە خاکی کوردستان هەلومەرجێکی زۆر هەستیار تێدەپەڕێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە، پاراستنی ناوچە ئازاد کراوەکان و دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا بە یەکیەتی و یەکڕیزیی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان دەستەبەر دەکرێ و ئامانجەکانی کورد دابین دەکا، ئەو مەترسییە لایەنە توندڕەوەکانی عەرەبی و ئیسلامی کە بوونەتە هەڕەشە لەسەر دەستکەوتەکانی کورد و ژیان و گوزەرانی خەڵکی مەدەنی پووچەڵ دەکاتەوە. ئێمە وێڕای پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، کردەوەی دژی مرۆییانەی ئەو لایەنە جیهادی و دژی کوردانە کە هێرش دەکەنە سەر دانیشتووانی ئەم بەشە مەحکووم دەکەین و داوا لە حیزب و لایەنە مرۆڤ دۆستەکان دەکەین بە هانایانەوە بڕۆن.

لە کوردستانی ئێرانیش، سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەچۆکداهێنانی گەلی کورد و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی، خەبات هەروا بەردەوامە، و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گرتنەبەری هەڵوێستی سیاسیی شیاو و کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەبات و هەڵبژاردنی تاکتیکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی وڵاتەکەمان و کوردستان هەنگاو هەڵ دەگرێ.


بەڕێزان!

لەو ڕوانگەیەوە، کە لە ئێستادا پرسی کورد، یەکێك لە پرسە گرینگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە و فاکتەرێکی بەرچاوە لە پڕۆسەی سیاسیی ناوچەکەدا، ئەم باردوخە نوێیە، بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە گشتی دەرفەتێکی مێژووییە و بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی سیاسی، هەوڵی یەکگرتوویی کورد و دامەزراوەیەکی نەتەوەیی داوە، بەتایبەت ڕێبەری مەزنمان د. عبدولڕەحمان قاسملوو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵێکی چڕوپڕی دا و لەمێژ بوو ئەو پێویستییەی هەست پێ کردبوو. لەو باوەڕەشدا بوو ئەو دامەزراوەیە پێکهاتەیەك بێ لە کەسانی شارەزا بە پرسی کورد لە ئاستی کوردستان و دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات هەر لەسەر ئەم بیرۆکەیەش بوو کە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنفرانسی پاریسی کرد و لە یەکەم بەشداریشی لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست، قەتعنامەیەکی لەسەر کورد بە پەسەند گەیاند، بە خۆشیەوە ئێستا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە دەرفەتێکی لەبار هاتۆتە ئاراوە و لە لایەن بەڕێز مسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پڕۆسەیە بانگهێشت کراون.

لەم پێوەندییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەست بە بەرپرسیارەتی سیاسیی و نەتەوەیی پێشوازیی لەم پرسە گرینگە کرد و بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرە کە قەرارە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان بگیرێ هەموو هەوڵی خۆی ئەدا.

درێژەی لە لاپەڕە ٩

# دەقی وتووێژی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە



**ئاوێنە: "مستەفای هیجری" سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "ئێستا هەلومەرجی کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، جگە لە ئێران، جووڵاوە".**

**ئا: شاهۆ ئەحمەد**

**ئاوێنە: ئێستا باس باسی کۆنگرەی نەتەوەییە، ئێوە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرنج و تێبینیتان لەسەر ئەم کۆنگرەیە چییە؟**

**مستەفا هیجری:** پێمانوایە کۆنگرەکە لەکاتێکی باشدا خەریکن ئامادەکاری بۆ دەکەن چونکە ئێستا هەلومەرجی کورد بەگشتی لەهەمو پارچەکانی کوردستاندا، جگە لە ئێران جووڵاوە. چاوەڕوانی هەندێك ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەسەر ئەو ناوچانەی کوردی تێدا دابەشکراوە، بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕێك لە نائارامیدایە، جووڵە هەیە بەرەو گۆڕانی زیاتر لەوەی هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی هەمو ئەوانە، پێموایە ئێستا کاتێکی باشە کە کۆنگرەی نەتەوەیی باسی لەسەر بکرێت، کورد بتوانێت لەو وەزعیەتەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە پێشەوە بە پەیامێکی یەکگرتوو ویست و داخوازییەکانی خۆی بگەیەنێت.

**ئاوێنە: چاوەڕوان دەکەن کۆنگرەی نەتەوەیی چ خزمەتێك بە ئێوە وەك ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات؟**

**مستەفا هیجری:** هەر حەرەکەتێك لە جیهەتی بەرەوپێشچوونی کاروباری کورددا بێت و لە داخوازییەکانی کورددا بێت لە هەر بەشێکیدا بێگومان کاریگەری لەسەر بەشەکانی‌تریش دەبێت، بەتایبەتی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا باس لەسەر مەسەلەی بەشە جیاوازەکان ناکرێت، باس لەسەر مەسەلەی کورد بەگشتی دەکرێت، ڕەنگە لەو پەیوەندیەدا ئەگەر بەباشی بچێتە پێشەوە، ئێمەش وەکو کوردی ڕۆژهەڵات قازانجو بەرژەوەندیمان دەستبکەوێت لەبەر ئەوەی کە ئەو بەشە ئەکتیڤ باسی لێوە بکرێت و بێتە ناو باس و کۆبوونەوەکان.

**ئاوێنە: ئایا پشتیوانی لەوە دەکەن مەسعود بارزانی سەرۆکی کۆنگرەکە بێت یان وەك پەکەکە دەڵێت پێویستە سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکان بەشێوەی خول بێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە زۆر بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە سەرۆکی کۆنگرەکە کێ بێت و چۆن بێت، ئەوەی زۆرتر بیری لێدەکەینەوە و کاری لەسەر دەکەین ئەوەیە ناوەڕۆکی کۆنگرەکە دەوڵەمەند بێت، هەژمون و دەسەڵاتخوازیی هیچ لایەنێکی لەسەر نەبێت و بەشێوەیەکی دێموکراتێك مافی هەموو بەشەکان لەبەرچاوبگیرێت، ئەوە زۆرتر مەبەستی ئێمەیە ئەگینا زۆر گرینگ نییە سەرۆکی کۆنگرە دیاری بکرێت.

**ئاوێنە: کەواتە هیچ کێشەیەك نییە ئەگەر مەسعود بارزانی سەرۆکایەتیی کۆنگرەکە بکات و بەخول نەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** نەخێر هیچ کێشەیەك نییە.

**ئاوێنە: وەك باس دەکرێت بەڕێزتان لە پارتییەوە زۆر نزیکن و تەنانەت لە میوانە تایبەتەکانی بارزانیشیت، ئەم پێوەندییە لەسەر چ بنەمایەکە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە نزیکایەتییەکی تایبەتی‌و ئەوتۆمان نییە، ئێمە لە کوردستانی عێراقدا لەگەڵ بەشێکی هەرە زۆری لایەنە سیاسییەکان پەیوەندیی دۆستانەمان هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی کە دوو هێزی سەرەکین، پێوەندیەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنو ئێستاش ئەو پەیوەندیە هەر ماوە.

**ئاوێنە: دەوترێت پارتی‌و بارزانی ئەوکاتە لە ئێوە نزیکتر بوونەوە کە ئەو باڵەی نێو حیزبی دێموکرات لە یەکێتییەوە نزیکبوون و مامۆستا رابەرایەتیی دەکردن، کرانە دەرەوە لە حیزب؟**

**مستەفا هیجری:** من لە حیزبی خۆماندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم لە نزیکایەتیمان لە بەینی یەکیەتی‌و پارتی لەو کاتەی مامۆستا عەبدوڵڵا سکرتێری حیزب بووە یان ئێستا، من جیاوازیەك نابینم، سیاسەتەکە هەر ئەو سیاسەتەیە و هەر بەو شێوەش چۆتە پێشەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئیحترام بۆ هەردولای یەکیەتی و پارتی بووە کە ئەوانیش ئیحترام بۆ ئێمە دادەنێن، بەو شێوەیە ئێمە پێوەندیەکانمان درێژە پێداوە و ئێستا هەم لە یەکیەتی نزیکین و هەم لە پارتیش.

**ئاوێنە: رات چییە بەرامبەر بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بارزانی، ئایا راستە دەڵێن ئێوە یەکێك بوون لەوانەی کە داواتان کردوە درێژکردنەوەی ماوەکە قبوڵ بکات؟**

**مستەفا هیجری:** نا وا نییە، ئەوە راست نییە ئێمە داوامان کردبێت، بەڵام ئێمە پێمانوایە قازانج و بەرژەوەندیی کورد لەو بەشەی کوردستانی عێراقدا بە هەر جۆرێك بگونجێت لە بەرژەوەندیی هەر گروپ و تاقمێك و حزبێك بێت و دەبێ ئەوە کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەر بدات نەك ئێمە.

**ئاوێنە: ئێوە ئەو درێژکردنەوە بەباش دەزانن؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوەی لە هەواڵەکان بیستمان سازانێکی زۆر کراوە لە نێوان ژمارەیەکی زۆری لایەن و حیزبی سیاسی و بە تەوافقی هەموویان ئەو ماوەیە درێژکراوەتەوە، مادام رای زۆربەی حیزبەکانی لەگەڵە، ئێمەش رێزی بۆ دادەنێین و پێمان باشە.

**ئاوێنە: بە بڕوای تۆ تا چەند غیابی مام جەلال کاریگەریی لەسەر پێوەندییە حیزبی و شەخسییەکانی ئێوە و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** بێگومان کاتێك مام جەلال حزوری هەبوو باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەی ئێمە تا ئێستا هەست ناکەین پەیوەندیی ئێمە لەگەل یەکیەتیی نیشتیمانی لاواز بووبێت یان کێشەی تێکەوتبێت، بەڵام بوونی مام جەلال وەکوو کەسایەتییەکی بەهێز لەناو یەکیەتیدا کاریگەریی خۆی هەبووە، هەم لەگەڵ حیزبی دێموکرات هەم لەگەڵ لایەنەکانی‌تری کوردستانی عێراق، هەم لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا و ئێستاش ئێمە پێوەندیمان باشە لەگەڵ یەکیەتی.

**ئاوێنە: پێوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبە ئیسلامییەکان لە چ ئاستێکدایە؟**

**مستەفا هیجری:** پێوەندیمان لە ناو حیزبە ئیسلامییەکاندا لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێوەندیەکی دۆستانەیە، لەگەل گۆڕانیش پێوەندیمان هەیە.

**ئاوێنە: شەممەی رابردوو، نێچیرڤان بارزانی بە سەردانێك گەیشتە تاران، ئایا ئەم جۆرە سەردان و پێوەندییە نزیکانەی دەسەڵاتدارانی هەرێم، زیانی بە ئێوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەگەیاندوە؟**

**مستەفا هیجری:** بەگشتی بۆ ئێمە شتێکی زۆر سروشتییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندیی سیاسیی خۆی لەگەل وڵاتانی دراوسێ و لەگەڵ هەمو دونیا پەرە پێبدات، سەفەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆك کۆماری تازەیە کە ئەو بەشداریی تێدا دەکات، ئەو پێوەندیانەی ئەوان لەگەڵ ئێران هەیانە ئەوەندەی ئێمەی لێی ئاگادار بین بە زیانی ئێمە نەبوە و ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ئازادین.

**ئاوێنە: پێتوایە ئەم گەشتانەی نێچیرڤان لە ماوەی هەفتەیەکدا بۆ ئەنقەرە و تاران پێوەندیی بە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییەوەیە؟**

**مستەفا هیجری:** بەشێکی وەکو خۆیان باسی دەکەن ئەو گەشتەی بۆ تورکیا کردی پێوەندی بە کۆنگرەی نەتەوەییەوە هەبوو، ئەوەی تازەیی کە چۆتە تاران بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆك کۆماری تازەی ئێران و بێگومان لەوێدا چاوپێکەوتنی‌تری دەبێت و ڕەنگە یەکێك لەو باسانەی دێتە پێشەوە باسکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی بێت.

**ئاوێنە: ماوەیەك لەمەوبەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو دێموکراتەکە قسەوباسی گەرمی لێوەکرا، ئەو هەوڵانە بەکوێ گەیشتن؟**

**مستەفا هیجری:** هەوڵەکان هەر بەردەوامن. لەو ماوەی کە ئێوە ئیشارەی پێ دەکەن ئێمە هەردوولامان تێکۆشاوین پێوەندیەکانمان بە یەکەوە ئاسایی بێتەوە بە دانیشتن و بە مەشورەتکردن و باسکردنی ئەو مەسەلە سیاسییانەی کە پێوەندیی بە ئێران و کوردستان و ئەوانەی پێوەندیی بە نێوانی خۆمانەوە هەیە و ئەو نزیکایەتییە درێژەی هەیە و هیوادارم لە داهاتوودا ئەوە بگات بە نەتیجەی یەکگرتنەوە.

**ئاوێنە: ئایا لایەنی سێهەم هاتوەتە بەینتانەوە؟**

**مستەفا هیجری:** هەر لەسەرەتاوە ئەو هاوڕێیانەمان کە لە حیزبی دێموکرات جیابوونەوە لەو کاتەوە تا ئێستاش هەوڵ و تێکۆشانی هێز و لایەنە سیاسییە نیشتیمانییەکانی کورد و کەسایەتییەکانی کورد بەردەوام بووە کە داوایان کردوە پێوەندیەکانمان ئاسایی بکەینەوە و لێك نزیك ببینەوە و یەکبگرینەوە، ئەوە لەهەمو لایەکەوە بەردەوام بووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام ئەوەی کە ئاسایکردنەوەی پێوەندیەکان و دەستپێکردنەوەی ئەو دانیشتن و قسەوباسانەی کە بە یەکەوە هەمانە لەگەڵ یەکتری هەر بە دەستپێشخەری خۆمان بووە نەك لایەنی سێیەم.

**ئاوێنە: هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دێموکرات لای ئێوە ستراتیجییە یان تاکتیك؟**

**مستەفا هیجری:** ستراتیجییە، چونکە لە دوایین کۆنگرەماندا کە کۆنگرەی ١٥ بوو نزیکەی هەشت مانگ پێش ئێستا پێکهات، بڕیارێکی وەها پەسەند کراوە کە ئێمە پێوەندیەکانمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئاسایی بکەینەوە و هەنگاوی دووەم دەستبکەین بە دانوستان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان کە پێوەندیدارن بە مەسەلەی ئێران و نێوانی هەردووکمان و لە قۆناغی کۆتاییدا دەبێت کۆتایی بێت بە یەکگرتنەوە، بۆیە بۆ ئێمە ستراتیجییە و بڕیاری کۆنگرەکەمانە و کاری لەسەر دەکەین.

**ئاوێنە: پێوەندیت لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە چۆنە؟**

**مستەفا هیجری:** دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەوان پێوەندیەکانمان ئاسایی بۆوە، خۆشم لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا چاوپێکەوتنو دانیشتنمان هەیە، واتا ئێستا پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا ئاساییە.

**ئاوێنە: دەوترێت دوو کەس بە هۆی ناکۆکیی شەخسیانەوە حیزبی دێموکراتیان پەرتکرد، هەر ئەو دو کەسەش دەتوانن کۆتایی بە ناکۆکی و پەرتبونی حیزبەکە بهێنن کە ئەویش بەڕێزتان و مامۆستا عەبدوڵڵایە، ئەمە وا نییە؟**

**مستەفا هیجری:** لانیکەم بە بۆچوونی من وا نییە، شەخسی خۆم چ ئەوکاتەی لەگەڵ مامۆستا هاوکار بوین و چ دوای ئەوەی ئەوان لە حیزبی دێموکرات جیابونەوە، هیچ شتێکی شەخسی پەیوەندیدار لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا نابینم، مەسەلەکە حیزبییە هیچ شتێکی شەخسی لە بەینماندا نییە، بۆیە من زۆر پێوەندیەکە نابەستمەوە بە نێوانی من و مامۆستا، بەڵکوو زۆرتر بەستراوەتەوە بە پێوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنەوە و من و مامۆستاش هەریەك لە لایەکین.

**ئاوێنە: قسەوباسێك هەیە کە ئێستا خەریکی ئامادەکارین بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا هێشتا باوەڕتان بە خەباتی چەکداری ماوە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە هەر لە ئەوەڵەوە دەستمان بە خەباتی چەکداری کردوە، بۆچونمان سەبارەت بە خەباتی چەکداری نەگۆڕاوەو پێمانوابووە خەباتی چەکداری بەشێکە لە خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکرات، وەکوو بەشەکانی‌تر هەر کامێکیان دەبێ لەکاتی گونجاوی خۆیدا کەڵکی لێوەربگرین، هەر وەکوو لە رابردودا کاتێك کە حیزبی دێموکرات پێی گونجاو بووە خەباتی چەکداریی درێژە پێداوە، بەڵام دوای ماوەیەك خەباتی دیکە زیاتر بەرجەستە بووە لەوان کەڵك وەردەگرین، لە داهاتووشدا ئەگەر گونجاو بێت و بە قازانجی جووڵانەوەی کورد لەو بەشەدا بێت، حیزبی دێموکرات خەباتی چەکداری درێژە پێدەداتو ئێمە خەباتی چەکداریمان وەلا نەناوە، هەر بۆیە ئێستا فێرگەمان هەیە، پێشمەرگەمان هەیە، پێشمەرگە وەردەگرین، بەڵام ئێستا ئێمە بە قازانجی نازانین خەباتی چەکداری دەستپێبکەینەوە.

## ڕۆژهەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### دێموکراسی لە میسر دەتوانێ چاوەڕێ بێت

ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز، وتارێکی لە ژێر ناوی "دێموکراسی لە میسر دەتوانێ چاوەڕێ بێت" لە نووسینی چارلز کوپچان بڵاو کردووەتەوە. نووسەر لە سەرەتادا دەنووسێ: "پێکدادانی خوێناوی سوپای میسر لەگەڵ لایەنگرانی ئیخوانولموسلمیندا، ئێستایش نیشانەیەکی دیوە تاریکەکەی ڕابوونی عەرەبییە. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بڵێسەی پچرپچڕی دێموکراسی خەریکە بە هۆی سەرلێشێواوی و توندوتیژییەوە دادەمرکێ. ڕاستییەکان پێویستیان بە تێفکرین لە ڕاستکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکایە. واشینگتۆن زیاتر لەوەی بیر لە کۆتاییهێنانی سیستمە پاوانکراوە سەرەڕۆکان لە ساتی گونجاو بۆ بڵاوبوونەوەی دێموکراسی لە ناوچەکەدا بکاتەوە، دەبێ ئامانجەکانی کەمتر بکاتەوە و لەگەڵ حکوومەتە گواستنەوەییەکان، با تەنانەت حکوومەتی دێموکراتیکیش نەبن، لە پێناو سەقامگیرکردنی بناغەکانی بەرپرسیاربوون کار بکات".

نووسەر دەنووسێ: "لەو کاتەوە کە سوپای میسر لە مانگی ڕابردوودا دەستی بەسەر حکوومەتدا گرت، حکوومەتی ئەمریکا کە پشتیوانی زۆربەی بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی لەگەڵە، خوازیاری دامەزراندنەوەی حکوومەتی دێموکراتیك بووە" و دواتر ئاماژە بە چەند نموونە لە قسەکانی باراك ئۆباما و چەند سێناتۆرێك لەم بارەوە دەکات.

لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە: "واشینگتۆن دەبێ زیاتر لەوەی بکەوێتە وتووێژی دۆستانەوە لەگەڵ قاهیرە تا هەڵبژاردن بەڕێوە ببات و هەڕەشەی بڕینی یارمەتییەکانی لێ بکات گەر ئەو کارەی نەکرد، دەبێ بە ڕێبەرانی هەنووکە بڵێ کە ڕێوشوێنە ڕوونەکانی حکوومەتی بەرپرسیار بچەسپێنن، لەوانە کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و سەرکوتی سیاسی، دامەزراندنەوەی بنەما بنچینەییەکانی حکوومەت، ئاسانکاری بۆ بووژانەوەی ئابووری، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندڕەوە میلیشیاکان و بەردەوامبوونی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل. لەم ساتە هەستیارەی ڕابوونی سیاسی میسردا، چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی حکوومەتەکەی ماکەیەکی زۆر گرینگتری دیاریکەری ڕەوایی و بەردەوامییە تا ئەوەی کە داخوا هەڵبژێردراوە یان نا."

لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە درێژخایەنبوونی پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکە دەکات و دەنووسێ: "لەبەر نەبوونی نەریتی ڕۆژئاوایی جیاکردنەوەی مەزهەبییەکان لە سێکۆلارەکان ـ کە تەنیا پاش شەڕە خوێناوییەکانی ڕیفۆرمگەرایی پرۆتستان هاتەئاراوە ـ شەڕی جەماوەری لەسەر ڕۆڵی ئیسلام لە سیاسەتدا دەبێتە سەرئێشەی دێموکراسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ نەوەکانی داهاتوو".

نووسەر لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە پێکهاتەی هەستیاری هەندێ وڵاتی وەك ئێراق، لوبنان و سووریە دەکات کە ئەگەری بەش بەشبوونیان هەیە.

نووسەر پاش ئاماژەکردن بە چەندین تایبەتمەندیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی لەو بۆچوونەی کە دێموکراسی نابێ گرینگترین هەوڵی ئەمریکا بێت لەم ناوچەدا، بۆچوونێك کە زۆرجار دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکەیش تەبلیغاتی پێوە دەکەن و بە قازانجیان تەواو دەبێ، دەنووسێ: "ئەمریکا دەبێ هەر کارێك کە دەتوانێ لە پێناو هێنانەئارای دێموکراسیی لیبراڵ لە میسر و بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکات. بەڵام باشترین ڕێگە ئەوەیە کە بە کاوەخۆ بێت و یارمەتیی حکوومەتەکانی ناوچەکە بکات حکوومەتی سەقامگیر و بەرپرسیار دامەزرێنن. دێموکراسی دەتوانێ چاوەڕێ بکات"

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# سەنگەری شیعر

# شێرکۆ بێکەس، شیعر و شۆڕش*

فەریدوون ئەرشەی

دەیەی ١٩٦٠ی زایینی ،رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت وڵاتانی میسر و فەلەستین، ئێراق و لوبنان و سورییە، بە هۆی درووست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لە بارودۆخێکی تازە و دەگمەندا دەژیان. مقاوەمەت و بەرخۆدان، یەکێ لە گرینگترین مژارە فیکری، سیاسی و هونەرییەکانی نێو پانتایی مەیدانی سیاسەت و کلتووری ئەم وڵاتانا بوو. شکستی هاوپەیمانانی عارەب بەرانبەر بە ئیسرائیل، کاریگەریەکی هێندە گەورەی لەسەر هەست و ئەندێشەی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە دانابوو  کە زۆربەی بەرهەمەکانیان، بەتایبەت لە بواری شیعر و ئەدبیاتدا، وەسفی ترادژیای مرۆڤە کە لە نێوان گێژەنی توانەوە و پاراستنی ناسنامەی خۆیدا نغرۆ کراوە. خاك و نیشتمانی داگیر کراو، ئاوارە بوون و پیلانی نێو دەوڵەتی بۆ دابراندنی ئینسانی عارەب و دەرپەڕاندنی لە زێد و نیشتمانەکەی، ڕەوایی و سەرەوەریی چەك بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسان و خەباتی چەکداری بە شێوە چریکی، لە زمانی شاعیرانی ناسراوی وەکوو  ئەدۆنیس و مەحموود دەروێش و موعین بسیسۆ، ئەلبەیاتی و کەسانی دیکەوە لە ڕێگای گۆڤارەکانی عارەبییەوە دەگەیشتنە عێراقی ئەو سەردەمە و حکومەتی ئەو کاتیش کە خۆی یەکێك لە کاریگەرترین و دەوڵەمەندترین پشتیوانانی بەرەی دژ بە ئیسرائیل و پاڵەپشتی گەورەی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی عارەب بوو، لە بڵاو بوونەوەی ئەو بەرهەمانە بەرگری نەدەکرد. وتاری ناسیۆنالیزمی عارەبی و یەکسان خوازی و بایەخدان بە پێگەی مرۆڤ لە بیروباوەڕی سوسیالیزمی باودا و ریزبەستن لە ئوردوگایەکی هاوبەشدا بەرانبەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی، وتار و شێوازی خەباتی زاڵی ئەو سەردەمە بوو.

هەر باروودۆخێکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، زمانی دەربڕێن، شێواز و دەربڕین، سەمبۆل و ئیماژگەلی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ. ئەو شێوازی دەربڕین و ئیماژ و سەمبۆل و ڕوانینانەی لە شیعری ئەو دەمەی عارەبیدا سەری هەڵدابوو، نیشانە و رەمزی : بەرخۆدان، ئاوارە بوون و بێ نیشتمانیی و تەنیایی و ڕەوایی خەبات بۆ بەرخۆدان دژی داگیرکەران، بە ئاسانی لە زمانی عارەبییەوە دەهاتنە نێو زمانی نووسەران و شاعیرانی کوردی باشوورەوە و بە هەندێ گۆڕانکاری و بە تایبەتمەندیی کلتوور و جوغرافیا و مێتۆلۆژیی کوردییەوە، خەسڵەتی کوردانەیان وەردەگرت و جۆرێکی دیکە لە ئەدبیات و شیعریان پێشکەش دەکرد کە پێشتر هیچ ئاسەوارێکی لەو چەشنە، لە زمان و ئەدەبی کوردا بەرچاو نەکەوتبوو. دارخورمای عارەب، دەبێتە دار بەڕووی کورد، شاخ و پێشمەرگە و چەك و شۆڕش دەبنە پاڵەپشت و ڕزگارکەری مرۆڤ، نیشتمان داگیرکراوە و ژێر پێ خراو، دیجلە و فورات دەبنە رەمزی ئاوارەیی، ئەفسانە و چیرۆکە تراژیکەکانی خەج و سیامەند و لاس و خەزاڵ و برایمۆك و.. دەبنە کەرەسەی وێنا کردنی ئاشقانی نیشتمان و نەگەیشتن بە ئاوات و دەیان تێرمی لەم چەشنە، ئامرازی تازەی شاعیرانی ئەو سەردەمەن { مۆتیڤ و وێنە و کۆڵەکەکانی بونیادی وێنەسازیی شیعری شێرکۆ بێکەس بەتایبەتی، نیشانەیەکی فرە گەورەیە لە کاریگەریی تیۆری مائۆیی کە پێیان وابوو شۆڕش لە گوند و دێهاتەکانەوە دەست پێدەکات، شێرکۆ و هەواڵانی کە لایەنگری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوون و دواتر لە یەکیەتی نیشتمانیدا توانەوە، ئەم تێرمەیان بەجوانی و ناڕاستەوخۆ لە زمانی دەربڕین و ئیماژەکەیاندا بەرجەستە و دیار کردووە }. ئەو دەمە، سەردەمی شۆڕشگێڕ بوون و ئازاد کردنی خەڵکە لە ئەمپریالیزمی جیهانیی و لووتکەی پێشوازی لە تیۆرەکانی مائۆسێتونگ و مارکس و ئێنگلز ولنین. ئەحزابی چەپ لەو وڵاتانەدا قسەی یەکەم دەکەن و کوردیش بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆی خەباتێکی شێلگیرانە دەکات لەلایەکی دیکەوە، ئازادیی خوێندن و نووسین، چاپ و بڵاو کردنەوە بە زمانی کوردی لە ئێراقدا و لەبەردەست بوونی بەرهەمی شاعیران کلاسیك و دەیان کتێبی نووسراو لەسەر مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی کورد، زەمینەیەکی لەبار بوو بۆ گەنجێکی بەهرەمەندی وەکوو شێرکۆ بێکەس تا بتوانێ لە خەزێنەی ئێجگار دەوڵەمەندی کوردی و عارەبی، پاشخانێکی زمانیی و فیکری بۆ خۆی فەراهەم بێنێ.

هەڵوەشانەوەی بڕیارە پەسەندکراوەکانی حکومەتی ئەو کاتی عێراق لە سەر بەندەکانی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ و سەرکووتی ئازادییە مەدەنییەکان بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی  شۆڕشێکی تازە لە باشووری کوردستان. ئەم شۆڕشە کە بە سەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی هەموو کوردستانی عێراق و بڕێکیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی پڕ کردبوو لە هیوایەکی گەش بۆ دیسانەوە دەستەبەر کردنی داخوازە رەواکانی کورد، سەرنجی زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانی بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشدا ڕاکیشا و شێرکۆش یەکێ بوو لەوانە. دەبوایە وڵامی داخوازییەکی مێژوویی بداتەوە:

پێویست بوو  شاخ بێتە دەشتایی گیانتەوە
پێویست بوو کڵاوی هەوری ئەو لەسەرکەیت.
ئەبوایە تان و پۆی پەنجەی تۆ و لاسکی گژوگیاو
فەقیانەی دایکت و تەنافی سێدارە تێك ئاڵێن.
پیویست بوو بە قەڵەم، سەنگەریش لە شیعرا هەڵکەنی.
(دەربەندی پەپوولە. ل٣٨/٣٧)

لەم تێگەیشتنەوە، دەفتەرێکی دیکە لە ئەزموون و پەنجەرەیەکی دیکە بۆ ڕوانینی ئەم شاعیرە دەکرێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە، دەستی ئەوە ئەم پەنجەرانە بەرەو شیعر و زمانی خۆی دەکاتەوە :

ئەی "شاخ"م!
ئەی پەندی بەردینی پێشینیان!
ئەی ملی پڵنگی بە خوێنم خەت خەت و
بە عیشقم داگیرساو!
داستانی سروشتی هەموو کات
بەرانبەر ژوورەکەم خرۆشاو.
لێرەم و ئەمەوێ وەك ڕکت، تێکەڵی بناری مێژووت و ناو هەستی جۆشخواردووی بەندەن و بەردت بم.
...
قوتابی ئاسۆتم
هەمیشە خوێندنەوەی فەرهەنگی گژ وگیان سینەی تۆم
کردوە بە ڕێگا بۆ چاوم.
ئەشکەوتت بە ژووری خوێندنەوەی کێویم و
لوتکەشت بە وانە و مامۆستام .
ئەمجارە من لە بەر نەینووکی ئاگرت و دیواری دووکەڵتا
زێ ی زریان ئەنووسم نەك شیعر.
(دەربەندی پەپوولە. ل ٥١)

لێرەدایە کە شاعیرێکی خاوەن هەڵوێستی گرێدراوی راستەوخۆ بە ئازاری نەتەوەکەی، بە بەرپرسایەتییەکی مێژووییەوە دێتە پانتایی شیعری کوردییەوە. بۆ شێرکۆ مێژوو، هەم شاهیدێکی خوێنینە، هەم ئاسۆیەکی رووناك. دەبێ ئەم مێژووە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، مێژوویەك پڕ لە نەهامەتی و هەر دووبارە کراو، دەڵێی بەدەوری بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە :

لە عومری شاخەوە
مشاری زامانێ نەماوە سەر نەکا بە خوێنی مێژووتا
لە عومری شاخەوە
پەیکانی سوڵتانێ نەماوە
بە نووکی خۆیەوە، ئەم سەرە یاخییەت با نەدا .
(دەربەندی پەپوولە.ل    )

وا مێژۆ جۆلانەی شەهیدە
هەموو شەو بە هێشوو، "مانگ"ی سەوز
لە بەفری ناو سەرتا هەڵدێن و
لەپریش لەو دیوی گولاڵەی خەونەوە
ون ئەبن.
(دەربەندی پەپوولە.ل.٤٢)

تێکەڵ بوونی ڕاستەوخۆی شێرکۆ  بە خەباتی شاخ لە گۆترە و لەسەر هەستێکی خاوی جەوانانە و لە ژێر کاریگەریی هەڵچوونێکی کاتیی دا نییە، ئەو بە بەرنامەیەکی دیاری کراوەوە تێکەڵ بە زەمزەمەی جووبارەکانی چیای شۆڕش بووە:

هاتووم "با"فێرم کات
چۆن ڕووبار ڕاژەنم.
هاتووم بەر فێرم کات
لەسەر ئەو چۆن بڕوێم.
هاتووم ڕەگ فێرم کات
لکوێوە بگەمە دڵی خاك.
هاتووم گوڵ فێرم کات
شیحر چۆن جوان ئەبێ.
هاتووم مەل فێرم کات
تەماشام چۆن بفڕێ
(دەربەندی پەپوولە.ل٤٣)

ئەم جۆرە ڕوانییە ئیستاتیك و جوانیناسانە، بە جۆرێکی زۆر ئاشکرا دەربڕی ئەو ڕوانگەیە کە هەموو جوانیناسیی شیعری شێرکۆ، لە شاخەوە و لە جەرگەی نیشتمانەوە دەست پێدەکات و هەموو بەستێنی شیعری دەتەنێتەوە. بە نووسینی ئەم وەسفانە، جۆرێك لە تەقەدووس و پیرۆز کردن دەدات بە خەباتی شاخ کە دەڵێی ئەگەر لەوێ نەبوایە، تەنانەت پریشکی ئاگری ئەوینی نیشتمانی بەرنەدەکەوت :


من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی
ئەوینی نیشتمان تێم بەربێ.
من لێرە، لە ناو ئەم ئەوینە چڕەدا
دڵنیام وەك ڕاستیی.
من لێرە، لە ناو ئەم دەربەندی دووکەڵ و ترسەدا
ئاسوودەم وەك سەمای ئازادی.
(دەربەندی پەپوولە.ل٤٤)

لەو بارودۆخە دژوارەدا کە رژێمی بەعس، هەموو دەرەتانەکانی لە هەڵسوڕاوانی ڕاستەقینەی سیاسی و فەرهەنگی بەستبوو، روو کردنە شاخ و نووسینی شیعری شۆڕشگێڕانە، بەو تایبەتمەندییانەوە کە پێشتر باسم کرد، بۆ پاراستنی ناسنامە و هویەتی مرۆڤی کورد، دەکەوتە بەر رەخنەی ئەوانەی نەیاندەویست، شیعر و ئەدەبیات، بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی شۆڕش و کێشە سیاسییەکان بکات و دەبێ لایەنی هونەری خۆی و ئەرکی جوانییناسانەی خۆی بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی دەربڕینی هونەریانە فەراموش نەکات، بەڵام شێرکۆ پێداگریی لەو  شێوازەی کە بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی ئەدەبیی خۆی هەڵیبژاردوە دەکات :

پێویست بوو ئەو کاتەی شڵپەی خوێن لە ڕۆخی لەشەوە، ئەگەیشتە گوێ مێژوو،
لەو زەریا سوورەدا، ئەبوایە چارۆگەی بەلەمی دەنگی خۆت هەڵبکەی.
چی ئەکەی ؟ئەو کاتەی کە مردن سەربازی دەوڵەت بێ و تۆش لە کێو، درەختی قەڵەم بێ؟
چی ئەکەی ئەو وەختەی کە شانۆت پەنگر بێ و گوێ گرت تفەنگ بێ؟
-هەر ئەبوو، وابکەی، هۆنراوە
بە نووکی بڵێسە بنووی و
دۆزەخیش بۆ ترس و بێ دەنگیت دابخەی!
(دەربەندی پەپوولە.ل ٣٩/٣٨)

شێرکۆ ئەوەندە لە کارەکەی خۆی دڵنیایە و دەزانێ کە بە تێکەڵ بوونی خۆی و شۆڕش، تێکەڵ بوونی خۆی و ئازاری میلەتەکەی، لە چ ئاستێکدا دەژیت:

لە نێوان وشەی تۆ و کانیدا جودایی نەماوە
لە نێوان قەڵەمت و لاسکدا جودایی نەماوە
لە نێوان دەروونت و ئاگرا جوادایی نەماوە
لە نێوان نەفەست و هەوادا جودایی نەماوە
تۆ ئێستە کەنیسمەی سەرتاشە بەردێکی مێژوویت و
بە خوێندن بەژنی "با" سوور ئەکەیت.
تۆ بە باڵ ئەبینی و بە چاوت کیشوەری ئەم سۆزە تەی ئەکەیت
کە گەڵا بکوژرێ ناتوانی دەنووکت کلیك دەی
تۆ ملت ژێی خاکە و دەستی ئاو دەتژەنێ
کە ئاوێك کوێر بکرێ ناتوانی پەنجەرەی شەتاوت دابخەی.
تۆ یاڵی ئەم ئەسپی کەژانەی
کە جوانووی شەماڵێ سەبرن ناتوانی قەت حیلەی سنجرت خەفەکەی.



# پێویست بوو بە قەڵەم، سەنگەریش لە شیعرا هەڵکەنی

(دەربەندی پەپوولە.ل ٧٢/٧١)

ئەمانە هەمووی لە سایەی ئەو هەڵوێستەوە هاتووە کە شاعیر بۆ تێکەڵ بوون بە ئازار و ئاواتی میلەتەکەی گرتویە. ڕەنگە هیچ شاعیرێکی هاوچەرخ لە زمانی کوردیدا بە قەدەر شێرکۆ بێکەس چۆنیەتی کار و پێگەی شیعری خۆی ستایش نەکردبێ، ئەم ستایش کردنە لە هەندێ شوێندا راستە و بێ هیچ گومانێك لە لایەن خوێنەرەوە وەردەگیرێ.

خاڵێکی زۆر گرینگ لە کارنامەی شیعری ئەم شاعیرەدا ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی نووسەری شکۆمەندیی و خەم و ئازارەکانی میلەتەکەی خۆیەتی و شکۆ و سەربڵندی ئەو میلەتە بە سەربڵندی پێشمەرگەوە گرێ دەدات و لێکیانی جودا ناکاتەوە، لاوازییەکانی شۆڕشیش دەخاتە بەر تیشکی ڕەخنە و باسیان دەکات. هەموومان دەزانین کە گوند و لادێیەکانی کوردستان لە هەموو دەورانێکی سەرهەڵدانی شۆڕشدا ،لانکەی پێشمەرگە و پشتیوان و حەشارگەی هێزە سیاسییەکان بووە و ماڵ و حاڵ و نانی سفرەی خۆی لەتەکیانا بەش کردوە و بڕبڕەی پشتی شۆڕش بووە :

دەمێك بوو ئەو گوندە
تا پشت مل قوڕاوی و کوڵەنجە شڕانە
ئەو خەمە دەست و پل زبرزنەی وڵاتم
بازوڵەی ئازادی و بۆ هەزار هەزاران
سروودی ڕاکردووی شەقامی شارانم لانکە بوون
...
دەوران دەور، دەمێك بوو ئەوانە هەر هەڵمی
گوڵاوی ڕەنج بوون و ژەم بە ژەم
لە گونکی هەژاریی خۆیانیان بۆ کردین بە نان و
لە شەوی کونکونی خۆیانیان پیادایین و
بەڕیزە درەختی باڵایان سێبەریان بۆ کردین
ئەو گوندە دەم و چاو خۆڵاویی و پێ پەتی و ڕووتانە
باوەشیان کادان بوو
قسەیان باسووق و
منداڵیان ڕێواس و
گەورەیان پەل وپۆی دار شاتووی ناو دێ بوون
دەوران دەور
ئەوانە هەر پڕمەی ئێستری سەر پلەی
ژێر باری تفەنگی ئێمە بوون.

( دەربەندی پەپوولە. ل ٥٤/٥٣)

بەڵام کاتێ شۆڕش لاواز دەبێ و ناتوانێ بە ئاکامەکانی خۆی بگات و سیاسەت و حزبایەتی و چەند بەرەکی و براکوژی شۆڕش و پێداویستییەکانی دەیکاتە سەرباری نیشتمان، شێرکۆ بێکەس ئاوای دەبینێ:

دەریاچەی ڕۆژگاری سەردەمێ
وەك سەرمان لیخن بوو.
سیاسەت، گایەکی بەلەسەی چاو سووری تووڕەبوو
هەموومان –مێژوو-مان بە کەللە و قۆچیەوە بەستبوو.
زریکەی کەروێشکی شیعرمان لە بێشەی تفەنگدا
وەك خوێنمان لە چڕیی تاوان و تۆڵەدا ون ئەبوو
ڕێگەکان هەر خۆیان
پردی سەر خۆیان و
قۆناغی بەردەمیان سەربڕی
...
گوڵ گوڵی ئەکوشت و
شاخ شاخی ئەکوشت و
هەموویشمان لەوێ بووین !

ئەم بارودۆخە دەگمەنەی شۆڕش کە پێچەوانەی ناوەرۆك و داخوازییەکانییەتی دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی خەڵك و دەربڕینی لە لایەن شاعیرەوە:

لەبیرتە؟ ئەو ساڵە نەزۆکە
بە بزنە ڕێیەکی بێ ئاوی نیوەڕۆی هاویندا ئەرۆیشتی
تفەنگی سەرشانت سێبەری تینوێتی و
تابووتی مەرگێکی گەڕۆك بوو .
بۆ ئێوە، بۆ ئەوان، هەمووشت تارمایی
ترسێکی هەمیشە ئامادەی درێژ و بەرین بوو .
داروبەرد، ئاژەڵ و باڵدار و هەتاکوو
بریسکەی چاوانی پشیلەیش لە شەودا،
بۆ هەموو، نیشانەی بانگدانی مردن و نێو فاقەی کەمین بوو .
بە شاخی ماندوودا داگەڕای
چویتە ناو برینی گوندەوە .
ئەو، کە هات دارهەرمێ ی سەرتاپا ڕەشپۆش بوو.
ئەو، بۆنی مەرگێکی زۆر تازەی لێ دەهات.
ژنێ بوو لە مێژووی زامداری شاخ ئەچوو
ئەو سەری مێردەکەی لە سینگیا نیشاندای
ئەو، شیری گریاوی ساواکەی بۆ هێنای
پێی وتی:
بۆ هاتووی؟
چی ماوە تا بۆی بێن؟ بێژەنگی لاشەمان؟
یان نانی خوێناویی؟
چی ماوە بۆی هاتووی؟
تفەنگتان بۆ خۆتان!
شۆڕشتان بۆ خۆتان!
کوردستان بۆ خۆتان!
چی ماوە بۆی هاتووی؟!
شەلاڵی شەرمێکی گەرم بووی. ئەو وەختەی وەرچەرخای مردبووی!
بە هەمان بزنە ڕێی تینوودا
بەهەمان سەر شاخی ماندوودا سەرکەوتی
لە ملەی پشتەوە
باگژەی ڕقاوی، بە هەڵپەی تەپ و تۆز هەڵیکرد
تەندووری گەردەلوول گەیشتە بەردەمت و
تیا ون بووی !
( دەربەندی پەپوولە. ل ٥٩/٥٨/٥٧)

ئەمەیە ئاکامی ئەو شۆڕشەی لە نێخۆی خۆیدا کرمێون بووبێت و لە گێژاوی سیاسەتی چەند بەرەکی و خۆکوژی و یەکتر کوژیدا سووڕ بخوات. شێرکۆ بێکەس لە هەندێ بەرهەمیدا بەڕاستی ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەتی، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی توانیبێتی ئاستی هونەری شیعریش ڕابگرێ و تەنیا بە درووشم ڕازی نەبێت:

نیازم وایە ئیتر ئەستێرەی یادگار،
لە کلۆری هیچ دارێکی زڕی خەڵکا نەشارمەوە
( دەربەندی پەپوولە.ل ٨٦)

لە پاش نسکۆی ١٩٧٥ و تێکچوونی شۆڕش، فەزایەکی زۆر زۆر نائومێدانە بەسەر هەست و ئەندێشەی ڕۆشنبیران و خەڵکی کورددا زاڵ دەبێ. شێرکۆ هۆکاری ئەو شکستە زۆرتر لە کەمتوانایی سەرکردایەتی شۆڕشدا دەبینێ و دواتر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێدا، بەداخەوە دەبێتە دەنگی لایەنێك لە نێوان دووبەرەی شەڕی براکوژیدا. سەڕای ئەمانەش دواتر تێدەگات کە هۆکاری شکستی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد، ناوەستایی سوارەکان نییە :

هەر لەبەر نەزانیی سوار نییە
ئەم شاخە هەموو جار ئەگلێ.
دارخورمای خواستراوی "سوریا"
لە " بەردەقارەمان" سوارتر بوو؟
ئەم کێوە بە تەنها و بە سکی برسی هەر
ئەوەندە غار ئەکا!
(دەربەندی پەپوولە.ل ٨٣)

ماوەیەکی زۆر تا کاتی کارەساتی هەڵەبجە، شێرکۆ بەردەوام دەنگی نووساوی کوردە و هاواری دەرد و خەمەکانی. بەڵام کارەساتی هەڵەبجە بەیەکجاریی دەراوی دەنگی شیعری شێرکۆ دەتەقێنێتەوە و لەوە بەدوا دەبێتە شینگێڕی میلەتێك بەهەموو ترادژیای بوون و نەبوونییەوە. قۆناغی پاش کارەساتی هەڵەبجە، لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا قۆناغێکی گرینگە و پێویستی بە لێکدانەوەییەکی دیکە هەیە:

وەرچەرخا تاریکیم
ئەم شەوە شەوێکی جیاترە
وەرچەرخا ڕووناکیم
ئەم خۆرە خۆرێکی جیاترە
لەم دێڕە بەولاوە
ئاوەڕۆی وشەکان لە دەنگما ئەگۆڕم
لەم ڕەنگە بەولاوەر
بافلی ڕەنگەکان لە چاوما ئەگۆڕم.
فەرهەنگم تەنگە تەونگ، هەوڵتەقی
لە بەری ئەشکەنجە و ژواردا
چوارچێوەی ئەم لەشە پابەندەم
بۆ ڕۆحی ڕافزیم دەست نادا!
(دەربەندی پەپوولە.ل ١١٣/١١١)

بێ هیچ شك و گومانێك، شیعری شێرکۆ، لە نێو شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا، بێ هاوتایە و سەرچاوەیەکی فرە گرینگە بۆ لێکدانەوە ژیان و خەیاڵی میلەتی کورد، بەتایبەت لە کوردستانی عێراقدا و لە هەمان کاتدا، ناسینی ڕەوتی شیعری هاوچەرخمان. شیعری شێرکۆ لێوان لێوە لە وێنەی سەیر و سەمەرە، لێکچواندن و لێکئاڵاندنی وشەکان، سەرشارە لە داهێنانی دەربڕینی ناوازە و تازە.. پڕاوپڕە لە وەسفی دەگمەنی دیمەنی کوردەواری و لێوڕێژە لە وشەی ڕەسەنی کوردی .لە هەمان کاتدا، شێرکۆ وتەبێژی ڕاستگۆی ژیان و کارەساتەکانی سەردەمی ئێمەیە:

درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە
وەك بەژنی نەخشەکەم
درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە، لە دیجلە و فوراتیش درێژتر
درێژە هاواری کۆڵان و شەقامی ئەم لەشە، تا لای خوا
درێژە ئازاری ئەلف و بێم، لێرەوە هەتاکوو لای "خانیی"
درێژە، درێژە، درێژە غەریبیم، لە هێڵی ئاسنی ئوروپاش درێژتر
نازانم ئەز چیتان بۆ باسکەم ؟

*لەم نووسینە کورتەدا، تەنیا دیوانی (دەربەندی پەپوولە)م لەبەر دەست بووە.

# ئاوڕێک لە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران

ناسر ساڵحی ئەسڵ

لە بەشێکی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورددا هاتووە: "هۆشدار دەدەمە ئەرتەش، ژاندارمەری، پاسدار، ئەگەر بە تۆپ و تانکەکان و هێزی ئامادە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو کوردستان وەڕێ نەکەون هەموویان بە بەرپرس دەزانم".

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هەل و دەرفەتێکی باشی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا رەخساند، تاکوو بە شێوەیەکی سیستماتیك و رێکخراو لە پێناو ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکانیدا بە ئاشکرا خەبات و تێکۆشان درێژە پێی بدات.

بەڵام بە دامەزراندنی "کوماری ئیسلامیی ئێران" خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد پێی نایە قۆناغێکی دیکەی خەباتەوە، چوونکە هەر لە سەرەتاوە خومەینی و هاوبیرانی باوەڕیان بە ئێرانێکی فرە نەتەوە نەبوو و هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکانی، نەتەوەکانی ئێران هەڵنەگرت. بەڵکوو ئەوان باس کردن لە کێشەی نەتەوەکانی ئێرانیان بە پیلانی ئەمریکا و رۆژئاوا، بۆ رووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەزانی.

هەر بۆیە خومەینی و هاوبیرانی، بەرانبەر بە هەلومەرجی نوێی کوردستانی ئێران ترسێکی زۆریان لی نیشت و بە هەڕەشە بۆ دەسەڵاتی سەرەڕۆی خۆیان دەزانی، چوونکە لە لایەك خودئاگایی نەتەوەی خەڵکی کورد دوای رووخانی رێژیمی پاشایی بە شێوەیەکی خێرا لە پەرەسەندندا بوو و لە لایەکی دیکەوە کوردستان بە هۆی بوونی فەزایەکی سیاسیی کراوە، ببووە مەکۆی تێکۆشانی ئەو هێزە سیاسییانەی کوردستان و ئێران کە مەجالی تێکۆشانیان لە ئێراندا نەبوو.

رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو رێگر بوو لەوەی کە لە بەشێك لە خاکی ئێراندا فەزایەکی ئازاد و دێموکراتیك هەبێ و ئەو هەرێمە ببێتە قیبلەگای ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، هەر بۆیە بە زووترین کات هێزە چەکدارەکانی کومیتە و پاسدار و ئەرتەشی رەوانەی کوردستان کرد تا هەم ئەم فەزا ئازاد و دێموکراتیکە لە ناو ببەن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد بە گرتن، زیندان و ئیعدام کەم بکەنەوە. پیلانەکانی شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە، شەڕی تورك و کورد لە شاری نەغەدە بە دەستوری مەلا حەسەنی نوێنەری خومەینی لە پارێزگای ورمێ، کوشتن و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنیی کورد، هاندانی دەرەبەگ و ئاغاکان بە دژی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆڕەوی خەڵکی شاری مەریوان دەسپێکی هێرش و فتوای جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران بوون.

لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە پیلان و ئاژاوەگێڕیی لایەنگرانی خومەینی شەڕێکی خوێناوی لە شاری پاوە ساز کرا. چەکدارانی سەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەك خەڵکی سڤیلی شاری پاوە، کوشت هەر بۆیە خەڵکی شار تێکڕا بە دژی چەکدارانی سەر بە رێژیمی تازە راپەڕین و بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە "قۆری قەڵا"ی نزیك پاوە مانیان گرت.

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی بەناوی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بەدوور لە هەموو عورف و پرەنسیپێکی نێونەتەوەیی، فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە راگەیاند. هەروەها دەستوری دا بە هێزە چەکدارەکانی ئەرتەش و پاسدار، هێرش بکرێتە سەر کوردستان و بەناو دژە شۆڕش لە ناوبەرن. بەم جۆرە خومەینی بۆ جێبەجێکردنی فتوای جیهادی خۆی دژی نەتەوەی کورد چەند مۆرەی جینایتکار وەکوو، مستەفا چەمران وەزیری بەرگریی ئەوکاتی رێژیم، سەیادی شیرازی فەرماندەی ئەرتەش، مەلا حەسەنی نوێنەریی خومەینی لە پاریزگای ورمێ و خاڵخاڵیی جینایتکار کە دەستوری ئیعدامی دەیان رۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی رێژیمدا دەرکرد، وەك بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دیاری کرد.

داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە لایەن خومەینی و هاوبیرانیەوە، چەند ئامانجێکی پاوانخوازانە و چەواشەکارانەی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران بەدواوە بوو، یەکەم، پێڕەوانی خومەینی کە هەر لە بنەڕەتدا هیچ بڕوایەکیان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا نەبوو، بەڵکوو چارەسەرکردنی مافی نەتەوایەتییان بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانی.

دووهەم، رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیویست بەم پەلامارە، دوای سەرکوتی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی مافویستی کوردستان، دەنگی ئازادیخوازی و مافویستیی گەلانی ئێران لە کوردستاندا کپ بکات و رای گشتیی گەلانی ئێران و حیزب و رێکخراوەکانی ئێرانی بەوە چەواشە بکات کە ئیمپریالیزم و رۆژئاوا لە کوردستانی ئێران، پیلان بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران رێکدەخن.

مێژووی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان نیشانی داوە کە ئەگەر دوژمنانەی گەلی کورد بە شانازییەوە باسی کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی کورد و قەڵاچۆکردنی ئەوان دەکەن و یان پێیان وایە بە گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی گرتن، زیندان و ئیعدام و قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل بە ئامانجەکانیان دەگەن، دەبێ باش بزانن کە تۆزقاڵێك لە ورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر بە گوڕوتینی دەکات.

# وتووێژ لەگەڵ بەڕێز فوئاد خاکی بەیگی سکرتێری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئا: هیوا میرزایی

سالی ١٩٨٥ی زایینی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکەمین جار رێزی لە رۆژی جیهانیی لاوان گرت. وەزیرەکانی کۆنفرانسی جیهانی بۆ لاوان لە نێوان رۆژەکانی ٨ تاکوو ١٢ی ئووتی ١٩٩٨



کۆبوونەوەیەکیان لە شاری "لیسبۆن"ی پێتەختی وڵاتی پورتەقاڵ بەڕێوەبرد کە لەودا پێشنیاری پێویست بە مەبەستی بە فەرمی ناسینی رۆژی جیهانیی لاوانیان دارشت. هەر بۆیە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رۆژی ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ بە پەسەندکردنی بڕیارنامەی ١٢٠/٥٤، رۆژی ١٢ی ئووتی وەك رۆژی جیهانیی لاوان بە فەرمی ناسی. کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان واتە گرینگترین بونیاد بۆ هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە نێوان وڵاتەکاندا، ئاوڕدانەوە لە پرسی لاوانی وەك یەکێك لە پێشبارە ١٥ بەندییەکانی خۆی پەسەند کرد. بە سەرەنجدان بەم پێشەکییە و گرتن و کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ٧ی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ٤-٨ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، "کۆنگرەی دەرخستنی تواناکان" و لە ژێر درووشمی "خۆسازدان بەرەو دوارۆژێکی روون" وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز فوئاد خاکی بەیگی سکرتێری لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە سەرەنجی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"ی بۆ رادەکێشین.

**پ: پێناسەیەکی کورتی لاوانمان بۆ بکە؟**

**و:** لە پرەنسیپە نێونەتەوەییەکاندا لاو بە مرۆڤێك دەگوترێ کە تەمەنی لە نێوان ١٥ بۆ ٣٠ ساڵدا بێ. لەو پێوەندییەدا پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوانیش ئەم ئەسڵەی رەچاو کردووە کە وێڕای باقی مەرجەکانی بە ئەندام بوون لەو رێکخراوەدا، لەم دەورانە لە تەمەنی مرۆڤ ئەندام وەردەگرێ ئەم دەورانە دەورانی لاویەتییە و مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی دەیان و بگرە سەدان پرسیاری ژیان دەدات.

**پ: ئاکام و راسپاردەکانی کۆنگرەی ٧ی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**و:** کۆنگرەی ٧ی یەکیەتیی لاوان، کۆنگرەی "دەرخستنی تواناکان"، کۆمەڵێك بڕیار و راسپاردەی بە دەنگی زۆرینەی هاوڕێیانی ئەندام لە کۆنگرە پەسند کرد کە لە واقێعدا لەم قۆناغە لە خەباتدا دەیهەوێ وێڕای درێژەدان بە کاروباری رێکخستن و پێوەندییەکان و راگەیاندن لە دنیای دەرەوە، بۆ قوڵایی ستراتیژی کار و خەباتی خۆی کە نێوخۆی وڵاتەدا پتر هەوڵبدات و میکانیزمی گونجاوتری بۆ بەڕێوەبەرایەتی نوێ داناوە.

**پ: لە سەروبەندی رۆژی جیهانیی لاواندا، ئێوە هەلومەرجی لاوانی کوردستانی ئێران چۆن دەبینن؟**

**و:** ئێمە چەندین ساڵە ١٢ی ئاگۆست وەك رۆژی جیهانیی لاوان بە شێوەی جۆراوجۆر یاد دەکەینەوە و رێزی لێدەگرین، ئەگەر بمانەوێ لەم ساتەوەختەدا بە شێوەی گشتی ئاوڕ لە بارودۆخی لاوانی کوردستان بدەینەوە، بە بێ ئەوەی تووشی نائومیدی بین، بە هیوا بەستن بە داهاتووی خەبات و تێکۆشانمان، بەداخەوە دەبینین کە لاوان لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە هەلومەرجێکی دژواردا دەژین، دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیەکان لەژێر باندۆری سیاسەتەکانی خودی رێژیمدا فەزایەکی بۆ لاوان پێکهێناوە کە دەرەتانی گەشە و کرانەوەی لاوانی بەرەو دنیای مودێرنی لێ زەوت کردوون، بێکاری، ئیدز و ئێعتیاد، راکردنی مێشکەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی هەژاری، بارودۆخی نالەباری ئابووری و... زۆرترین گوشاری لەسەر شانی لاوانە، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێران بە وڵاتێکی لاو ناسراوە، لەو رووەوە کە زۆرترین حەشیمەتی لاوان ئەو وڵاتە پێکی دێنن .

**پ: پێوەندیی ئێوە لەگەڵ لاوان و رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لە سەرانسەری جیهان چۆنە؟**

**و:** یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خۆشیەوە ئەگەر نەڵێم بێ وێنەیە، کەموێنەترین رێکخراوی تایبەت بە لاوان لە ئاستی کوردستاندایە کە پێوەندییەکی بەرفراوانی لەگەڵ زۆربەی نیزیك بە تەواوی رێکخراوەکانی لاوان لە چوارپارچەی کوردستاندا هەیە. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لە بەشێکی زۆر لە رێکخراوە جیهانییەکانی وەك لاوانی سوسیال دێموکرات، LNUی نۆروێژی و هتد... ئەندامە و لە داهاتوویەکی نیزیکیشدا مزگێنی بە ئەندام بوون لە چەند رێکخراوی دیکەی جیهانی بە ئۆگرانی یەکیەتیی لاوان رادەگەیەنین.

**پ: پێت وایە ئەرکی رێکخراوەکەی ئێوە لە هەلومەرجی ئێستای خەباتی نەتەوەی کورددا دەبێ چی بێ؟**

**و:** وەك ئەسڵێك و پرەنسیپێك ئێمە هەموو کات رامانگەیاندووە کە دروستە ئێمە وەك رێکخراوێك هەوڵی هێنانەدیی خەونەکانی لاوانی کورد لە ئێران دەدەین، بەڵام ئەم رێکخراوەی ئێمە پتر لە ٦٧ ساڵە شان بە شانی بزاڤی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشاندا بەشداری کردووە و کۆمەڵێك لاوی فیداکار لەو رێگایەدا گیانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە، بە ئاشکرا رامانگەیاندووە لەم قۆناغە لە خەباتدا ئەرکی ئێمە بەشداری لە بزووتنەوەی نەتەوەییدایە چونکوو هەتاکوو مافە نەتەوییەکانی لاوی کورد لە کوردستان ئێران دابین نەکرێت دابین بوون مافی سینفی ئەوان ئەستەمە.

درێژەی لاپەڕە ٤

مەسەلەیەکی دیکە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم و ئێستا یەکێك لە باسەکانی رۆژە، دەست بەکاربوونی حەسەن رووحانی سەرۆك کۆماری نوێی ئێرانە، کە هەرکەس و لایەنێك لە روانگەی خۆیەوە ئەم مەسەلە لێك ئەداتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی، پێکهاتەی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی ئێران، سیاسەت دانان و بڕیاری یەکلایی کردنەوەی پرسە گرینگەکان لە دەسەڵاتی رێبەردایە و سەرۆك کۆمار، بەڕێوەبەر و پەیڕەوکەری ئەم دەسەڵاتە باڵایەیە. بۆ سەلماندنی ئەم راستیە ئاماژە بە قسەیەکی عەلی خامنەیی دەکەم لەکاتی لێدوانەکانی کاندیداتۆرەکانی رێژیمدا، وتی "داوایان لێ دەکەم بەڵێنێك نەدەن لە تواناییاندا نەبێ"!

حەسەن رووحانی لەکاتی هەڵبژاردن، باسی لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ رۆژئاوا، لە رێگەی دیالۆگەوە کرد، باسی کەمکردنەوە یا هەڵگرتنی تەحریمەکان کرد و لە ئاستی نێوخۆییشدا، باسی دابین کردنی ئازادی بۆ تاك و کۆمەڵی کرد، باسی لە بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری کرد، باسی ئازادیی زیندانیانی سیاسیی کرد، بەڵێنی بە کۆمەڵانی خەڵك دا ژیان و گوزەرانیان باشتر بکا و تەواوی کەم و کووڕییەکانی دەختە سەرشانی ئەوانەی پێش خۆی.

بەڵام دوای هەڵبژێرانی، گوفتمانی حەسەن رووحانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات قسەی لە بەردەوامبوون لەسەر درێژەدانی پرۆژەی ئەتۆمی بە دیپلۆماسییەکی نەرمترو پشتیوانی لە رێژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و جەختی لەسەر سیاسەتی پێشووی کۆماری ئیسلامی کردەوە.

ئەگەر بە وردی چاو لە کابینەکەی و پێکهاتەی هەیئەتی وەزیرانی پێشنیاری و قسەکانی لە رێوڕەسمی سوێند خواردنیدا بکەین، وەڵامی زۆر لەو پرسیارانە کە بۆ خەڵکی ئێران و چاوەدێرانی سیاسی مەترەح بوو دراوەتەوە، زۆربەی وەزیرەکانی هەر ئەو کاربەدەستە باڵایانەی رێژیمن کە خەڵکی ئێرانیان تووشی ئەو هەموو نەهامەتییە کردووە. باس لە ئازادیی تاك دەکا لەکاتێکدا لە کابینەکەیدا تاکە ژنێکی تێدا نییە، لە کاتێکدا نیوەی دەنگەکانی ژنان پێیان داوە، لێرەدایە عەداڵەت و ئیعتدالی حەسەن رووحانی دەردەکەوێ.

باسی لە بەشداریی (مشارکتی) هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی کرد لە ئەو پێوەندیەشدا هیچ بەشداریەك نابینرێ و ئاماژەی بە یەك هەرێم بوونی ئێران و یەك میللەت بوون و یەك زمان بوونی کردەوە و بە ئاشکرا نکۆڵیی لە شوناسی نەتەوەکانی ئێران و مافەکانیان کردەوە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ قوتاربوون لەو قەیرانە کە لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا لەگەڵی رووبەڕوو بووە، لەو بە ناو هەڵبژاردنەدا سیاسەتێکی چەواشەکارانەی رەچاو کردووە. ئەو هەڵبژاردنەی لە شووراى نیگابان بە جۆرێك موهەندیسی کرد کە ئەزموونی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ تیکرار نەبێتەوە و لەو جێگۆڕکەدا لە بەینی مۆرەکانیدا جارێکی دیکە رای گشتیی چەواشە کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروەك پێشتر خوێندنەوەی خۆی لەسەر ئەو هەڵبژاردنە باس کردووە لەو باوەڕەدایە، رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان بە هیچ کرانەوەیەکی سیاسی کە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکدا بێ نییە و لەسەر سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ بەردەوام دەبێ. ئەگەر رۆژێکیش ئەو قەیرانە تەنگیان پێ هەڵچنی هەروەك سروشتیانە، سەرانی ئەم رێژیمە لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە جیدی هەست بە مەترسی بکەن و هەڕەشەی نەمانیان لەسەر بێ، واز لە هەموو پرۆژەکانیان بۆ مانەوەی خۆیان و رێژیمەکەیان دەهێنن و گوشاریان لەسەر کۆمەڵانی خەڵك لە نێوخۆ زیاتر دەکەن.

بەم لێکدانەوەیە، تەنیا رێگەیەك کە لە بەردەم گەلانی ئێران و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی وڵاتەکەمان ماوەتەوە، یەکیەتیی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ئێرانییە، لەم بوارەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم لە ئاستی سەرتاسەریدا و هەم لە دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەوڵدایە و بە خۆشییەوە ئەم رەوتە لە زۆر بواردا شوێندانەریی ئەرێنیی بەدواوە بووە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

لەم رێوڕەسمە مێژووییەدا، جارێکی دیکە لەسەر بنەما فکری و تەشکیلاتییەکانی حیزبەکەمان، خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری، پاراستنی بەها دێموکراتیکەکان، پشتیوانیی سیاسیمان لە بزووتنەوەی نیشتمانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و گرینگیدان بە سیاسەتی پێکەوە ژیان بە ئاشتی لەسەر بنەمای دان پێداهێنان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەگەڵ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و خەبات دژی تیرۆریزم جەخت دەکەینەوە. لەگەڵ رێبەرانی شەهیدمان، قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی رێبازی دێموکرات بەڵێن و پەیمان نوێ دەکەینەوە تا وەدیهاتنی ئاواتەکانیان لە خەبات بەردەوام بین و دڵنیایان دەکەینەوە هیچ هێزێك ناتوانێ ئیرادەی تێکۆشەرانی دێموکرات کز و لاواز بکا و لە رێی خەباتیان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد هەنگاویان پێ شل بکا.

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد

# کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرداشی نێوان سەلەفییەت و دیکتاتۆریدا

سەلام ئیسماعیل پوور

نزیك بە دوو ساڵ و نێو لە دەسپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی تێدەپەڕێت، ئەو شۆڕشانەی کە دنیایان هەژاند و سەرەتا خۆشبینی و هیوایەکی زۆریان لە نێو ئۆگرانی دێموکراسی و کرانەوەی سیاسی لە جیهاندا پێك هێنا، بەڵام دواتر و بە دەرکەوتنی سیمای ناکۆکی و تەنگەژە پەنگخواردووەکانی چەندین دەیەی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە، ئەو خوشبینی و هیوایە بەرەبەرە رووی لە کزی نا و رەشبینی و بێهیوابوون بەو شۆڕشانە جێگای پێ لێژ کرد.

ئەزموونی چەندین دەیە دیکتاتوری لەو وڵاتانەدا، وەك پێشتریش لە ئێران بینیمان، تەنگی بە گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوە دێموکراتیکەکان و حیزب و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان وەکوو کۆڵەکەکانی گەشە و بەردەوامیی دێموکراسی هەڵچنی.

لەم نێوانەدا ئەگەرچی پێکهینانی حیزب و رێکخراوە بناژۆخوازە ئایینییەکانیش لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی تایبەت بە خۆی بەرەوڕوو بوو، بەڵام هەستیار بوونی پرسی ئایین و بیروباوەڕەکانی زۆرینەی خەڵك لەم وڵاتانەدا وایکردبوو کە رێژیمە دیکتاتۆرەکان سەرەڕای هەموو زەبروزەنگەکانیان دژ بە حیزب و دامەزراوە و بیروباوەڕە جیاوازە عورفییەکان، رادەیەك لە ئازادی بە گرووپە ئایینییەکان بدەن.

بۆ نموونە لە تورکیای کەمالیست و ئێرانی پەهلەوی و عێراقی سەدام حوسەین و میسری موبارەکدا سەرەڕای هەموو گوشارەکان بۆ سەر رۆژنامەکان و رێکخراوەکان لە چەپی چەپەوە بگرە تا راستی راست، بیاڤێك هەبوو کە هێزی پەنگخواردووی کۆمەڵگای لە خۆیدا کۆ دەکردەوە و بە بێ ئەوەی دەسەڵات هەست بە مەترسیی ئەو بکات، هەموو ئەو هیزە پەرتەوازانەی لە ژێر باڵی خۆیدا رێك دەخست و لە نەبوونی ئازادی بۆ رێکخستنە عورفی و سێکولارەکان بە قازانجی خۆی کەڵکی وەردەگرت، ئەوەش بیاڤی ئایین و دینکارانی سیاسی بوون کە لە مزگەوتەکان، تەکیە و حوسەینییەکان، ئیمامزادەکان، کارنەڤاڵ و بۆنە ئایینییەکان کەڵکیان وەردەگرت و کارتێکەری و هەیمەنەی خۆیان دەگواستەوە بۆ هەموو بیاڤەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیان. واتە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی خوازراو یان نەخوازراو بە کپکردنی هەموو دەنگە عورفییە جیاوازەکان، دەبوونە رێخۆشکەری بە دەسەڵات گەیشتنی مەترسیدارترین گرووپەکان کە بناژۆخوازانی ئایینی بوون، ئەوان بەم کردەوەیە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ئاڵاهەڵگرانی ئیسلامی سیاسی دەخولقاند کە هەموو رەوایی و پرێستیژی شۆڕشگێڕی و گۆڕانخوازی و هەموو پوتانسێلەکانی نارەزایی لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و لە گۆڕەپانێکی بێ رکابەردا ئەسپی خۆیان تاو بدەن. بەم چەشنە ئوممەتێك دروست بوو کە گوێڕایەڵی بڕیاری سیاسیی گوتاربێژانی ئایینی بوو و لە درێژخایەندا بوو بە پردەباز و پەیژەی ئیسلامیستەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوەش لە رێگایەکەوە کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان پێی نەبوو، واتە دێموکراسی و سندووقەکانی دەنگدان و پرۆسە مەدەنییەکان.

هەربۆیە شۆڕشی رێبەندانی ٥٧ی ئێران، یان شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی خاڵێکی هاوبەش پێکەوە گرێیان دەدات. ئەویش ئەوەیە کە بە هۆی نەبوونی کەشوهەوایەکی کراوە بۆ دامەزراوە عورفییەکان و پیواری کۆمەڵگای مەدەنی لە پێش شۆڕشدا، بناژۆخوازەکان لە پاش شۆڕشدا باڵادەستی و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و دەستیان بە سەر شۆڕشدا گرت، چوونکە ئەوان بە بوونی دامەزراوە تایبەتییەکانی خۆیان، پێویستیان بە حیزبی سیاسیی یاسایی بۆ رێکخستنی خەڵك و مۆبیلیزە کردنیان نەبوو.

ئەو بۆشاییە وای کردووە کە لە میسری پاش رووخانی موبارەکدا، ئیخوان و حیزبی سەلەفیی "نوور" دەنگی یەکەم و دووەم بە دەست بێنن و بە هۆی ئەم دەسەڵاتە زۆرەوە، لە نووسینی یاسای بنەڕەتیی نوێی میسردا کە داهاتووی سیستمی سیاسی دیاری دەکات، رێسا و حوکمە ئایینییەکان بە مەبەستێکی سیاسی بەکار بێنن و یاسایەکی بنەڕەتیی ئیسلامی و ناسێکۆلار بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن، لە لیبی"بنغازی" وەکوو لانکەی شۆڕش، ببێتە مۆڵگەی ئەلقاعیدە و رێکخراوەکانی هاوشێوەی، لە توونس حیزبی"نەهزەتی ئیسلامی" بە تاقی تەنیا بەسەر هاوپەیمانیی رەوتە سێکۆلارەکاندا سەربکەوێت و دەسەڵات بگرێتە دەست و لە یەمەن ئەلقاعیدە و گرووپە ئایینییەکانی وەك شیعەکانی"ئەلحووسی" ببنە هەڕەشە بۆ سەر سیستمی سیاسی. لە سووریەش ئەگەرچی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بنەماڵەی ئەسەد هیشتا لە سەر تەختی دەسەڵاتە، بەڵام لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی سێکۆلار و دێموکراتیك، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دژبەرانی ئەسەدی کردۆتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی سەلەفییەت و بناژۆخوازی و ئەوپەڕگیریی ئایینی، بەجۆرێك کە داهاتوویەکی وەکوو رابردووی ئەفغانستان چاوەڕوانی سووریە دەکات.

بوونی ئەم گرووپانە بۆتە هۆی لەرزۆکیی هەنگاوەکانی رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا لە پشتیوانیکردنی نەیارانی بەشار ئەسەد کە خودی ئەو هەڵوێستەش لاوازیی هەرچی زیاتری رەوتە سێکۆلارەکان و بەهێزبوونی هێزە سەلەفی و جیهادییەکانی لێ کەوتۆتەوە کە هێزی مرۆیی و مادی و سەربازیی خۆیان لە رێگای دیکەوە دابین دەکەن و رۆژ لە دوای رۆژ ناوچەیەکی بەربڵاوتر دەخەنە ژێر رکێفی خۆیان. بەم دواییانەش شەپۆلی سەلەفییەکان، بەتایبەتی رێکخراوی "بەرەی نوسرە"ی سەربە ئەلقاعیدە و "ئیمارەتی ئیسلامیی شام و عێراق" بە دەرکردنی فتوای جیهاد و حەلاڵکردنی گیان و ماڵ و نامووسی کوردان بۆ غازیانی بەرەکانی شەڕ، لافاوی خوێنڕشتن و رەوەی بیری تەسك و کۆنەپەرستانەی خۆیان بەرەو ناوچەکانی "سەری کانی"، "گردەسپی" و شار و ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان خستۆتە رێ. لەم رۆژانەدا کە وەبیرهێنەری فتوای جیهادی خومینیی بیرتەسك دژ بە خەڵکی مافخوازی کوردستانی ئێرانە، تێگەیشتن لەو فتوایە و ئەو شاڵاوی کوشتوبڕەی رۆژئاوای کوردستان بۆ ئێمەی کورد زۆر دژوار نییە. لە نێوان دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد و رێژیمی کوردکوژی تاران و مرۆڤکوژەکانی بەرەی نوسرە و ئەلقاعیدەدا جیاوازییەکان زۆر کەمترن لەو خاڵە هاوبەشانەی کە پێکەوە گرێیان دەدات. ئەوان تەنانەت ئەگەر بە رواڵەتیش پێکناکۆك بن، لە بنەڕەتدا سەروبنی بەرداشێکن کە بۆ هاڕینی دێموکراسی و مرۆڤسالاری و مافی چارەی خۆنووسین و چەمکە مرۆییەکانی لەو چەشنە کەوتۆتە گەڕ، هەربۆیە لە هەموو شوینێکیش، چ لە میسر بێت، چ لە کوردستان، چ لە ئێران بێت، چ لە سووریە، بوونیان و گەشە کردنیان هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر مرۆڤایەتییە.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ لە یەکەم وێستگەی شەمەندەفەری جووت حەوتدا پاش کۆتایی دەسەڵاتی مەحموود، نیگەران بووین لەوەی کە چۆن دەبێ بۆشاییەکەی پڕ بکەینەوە کە بە خۆشییەوە جێگرەوەکانی لە شەقامی پاستۆری تاران تا شاخی قەندیل و لە پیتزافرۆشییەکانی ئاڵمان تا جەمسەرفرۆشییەکانی هەولێر، یەك لە دوای یەك قەتارەیان بەست و ئێمەش، کوێر لە خوا چیی دەوێ؟ دوو چاوی ساغ و تەلیسێك دۆلار.

ــ پیتزافرۆشێکی ئیرلەندی لە ئاڵمانە کە بە درێژایی ساڵ، کوێرایی دادێت بۆ دوو مشتەری کە ئەویش یەکیان مێشی هەڵاتووی بەر ساتووری قەسابە، ئەم برادەرە لەپڕێکدا بووە بە کوڕێك و عومەر ئەلبەشیر، سەرکۆماری سوودان وەکوو سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی عەرەبستان دەستنیشانی کردووە. بەچ مەبەستێك؟ بە مەبەستی ئەوەی کە لە رزگارکردنی تامیلەکاندا رێبەرایەتیی شەڕ دژ بە سریلانکا بکات، بەبێ ئەوەی کە زیان بە ئەرتەشی داگیرکەر بگەیەنێت. پیتزافرۆشی چیرۆکی ئێمە ئێستا لە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان هەڕەشە لە بارك ئۆباما دەکات کە بۆچی وڵاتەکەی یارمەتیی خەباتەکەی ئەو نادات، بەڵام بیستوومانە مەبەستی حاجی پیتزا لەو هەڕەشانە زیاتر ئەوەیە کە پێی وایە ئەمریکا تاوانبارە لە قەیرانی ئابووریی جیهانیدا کە بۆتە هۆی دابەزینی توانای کڕینی خەڵك لە ئاڵمان کە دواتر بۆتە هۆی کەمبوونەوەی خوازیارانی پیتزاکەی بەڕێزیان و لە کۆتاییدا لێدانی ناڕاستەوخۆی سەری مارەکەی شۆڕشی گەلان کە هەمان پیتزافرۆشییەکەی وییە. ئەرێ ئێوە لەم کلافە ئاڵۆزە تێگەیشتن؟ کورد گوتەنی مەگەر هەر بڵێین "کەر لە کوێ کەوتووە و کونە لە کوێ دڕاوە".

ــ بەڵێ بەڕیزان! ئاگادارن کە سەرکۆماری ئێرانیش گۆڕا و حەسەن رووحانی، یان موهاتماگاندیی خەیاڵ پڵاوەکەی جۆزەردان، دەسبەجێ هەموو بەڵێنییەکانی خۆی بە تایبەتی بەرانبەر بە ژنان و نەتەوەکان و... جێبەجی کردووە. نیوێك لە کابینەکەی کردووە بە ژن، نیوەکەی دیکەی بە کورد، نیوێك بە بەهایی، نیوێك بە چەپی مارکیستی پەشیمان، نیوێك بە ماتریالیستی ئاتەئیستی ئیسناعەشەری، نیوێك بە بەلووچی نارازی، نیوێك بە ئیسلاح تەڵەبی سەبزوڵڵاهی و موچەکریست (ئەوانەی کە دروشمی رۆحانی موچەکریم دەدەن)، سەیر ئەوەیە کە لە دوای ئەو هەموانەش، پشکی ١٠٠٪ی کابینەی وەزیران ماوەتەوە بۆ کوڕی جەننەتی و مستەفا پوورمحەممەدی و برادەرانی قاچاخچیی سپا و ئیتلاعات. دەڵێن چۆن وا دەبێ؟ چۆن وانابێ؟ بابم خۆ فشە نیە. حاجی ئاغا بۆ خۆی حوقووقدانە نەك سەرهەنگ. لە کۆتاییدا ئەی ئافەرین لالۆحەمەی هەژار! ئەگەر تۆ نەچیتە بازاڕ، ئاخوند چۆن دەتوانێ کەرەشەلی خۆی بە نرخی ئەسپ بفرۆشی؟

# بونیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن

پەرویز ڕەحیم قادر

هەر نەتەوەیەك لە بیرەوەرییە گشتییەکانیدا کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویيان هەیە کە هەڵگری کۆمەڵێك مانا یان واتان کە سەرچاوەیەکی گرینگی ناسنامەسازی یان شوناس پێدانن بۆ تاکەکانی ئەو نەتەوەیە. کۆماری کوردستانیش یەکێکە لەو ڕووداو و وەرچەرخانانەی مێژووی نەتەوەی کورد، کە ئەم مانا یان واتایانەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و بووەتە یەکێك لە سەرچاوە گرینگەکانی ناسنامەی مۆدێرنی کورد و بنەمایەك بۆ بونیاتنانی ئایدیاکانی مۆدێرنی مرۆڤی کورد لە پێوەندی لەگەڵ جیهانی مۆدێرن بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە و بەتایبەت جیهانبینی و بابەتی ناسینی مرۆڤی کورد بۆ خودی (خۆی) و هەروەها بۆ "ئەویتر" و "جیهان" بەگشتی، لە بەستێنێکدا کە پێشتر پێی بێگانە و نائاشنا بووە و خاڵی بنچینەیی ئەوەیە کە خۆی وەکوو بکەرێك (agent/subject) ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەم بونیاتنان و خوڵقاندنی ئەو ڕەوت و پرۆسە و ئامراز و بابەت و پێکهاتە نوێە (structure/subject) و هەروەها میکانیزمەکانی گەیشتن بەو دۆخە کە بە "مۆدێرنیتە" دەناسرێت، لە ڕێگەی پرۆسەی "مۆدێرنیزاسیون"ەوە لە بوارەکانی سیاسی، کلتوری، کۆمەڵایەتی و ئابووری و...

لە پاش ساڵی (١٩٤١)ی زایینی و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ئێران و دروستبوونی بۆشاییەکی سیاسی لە حکومەتی ناوەندیدا و داگیرکردنی باکوری ئێران لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەت و باشوور لەلایەن بریتانیەکانەوە و ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان و هەروەها دروستبوونی کەشێکی ئازاد لە پاش زوڵم و زۆری ڕەزاخان و خەسار و گوشارەکانی پرۆژەی "دەوڵەت ـ نەتەوە"سازی و مۆدێرنیزاسیۆنی فەرمانپێکەرانە لە سەرەوە یان مۆدێرنیزاسیۆنی تاك ڕەهەندی یان دروستتر بڵێین (شبە نوسازی) بۆ پەراوێزخستن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی "نافارس" بە هەموو ڕەهەند و ئامرازەکانەوە بەتایبەت بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و قڕکردن و ڕاوەدوونان و کوشتن و بڕین و لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر و شکاندنی بنچینە و بنەماکانی "بەنەتەوە بوون" لە هەمبەر نەتەوەکانی دیکە و "نەتەوەی کورد" بەتایبەت، هەروەها دواکەوتوویی پێکهاتەیی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتدی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەت، لەم بەستێن و بارودۆخەدا کوردیش هەوڵی پاراستنی خۆی دا، بە هەوڵدان بۆ بونیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن وسڕینەوەی مەترسیەکانی، بەڵام بە تێگەیشتنێکی نوێ لە خوێ و دەوروبەری (ئەوەی دیکە و جیهان)، ئەویش بە عەقڵانییەتێك لە ڕووی سیاسی، بە دروستکردنی کۆمەڵەی "ژ.کاف" لە ساڵی (١٩٤٢)ی زایینی و دواتریش دامەزرانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩٤٥)دا، کە دەربڕی وشیاریی سیاسیی نوخبەی کورد و لێکدانەوە و تێگەیشتن لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و پێکهاتەی سیستەمی نوێی نێونەتەوەیی، کە بەجۆرێك سەرەتاکانی بەرجەستە بوونی عەقڵانییەت و دروستبوونی ئاگایی لە "خود" و هەوڵدان بۆ دوبارە خۆپێناسە کردنەوە و دروستکردن و یان بەرهەمهێنانی ناسنامەیەکی "نەتەوەیی و دامەزراوەی" بوو لەسەر بنەمای "مۆدێرن" بۆ تاك و نەتەوەی کورد، و درکیان بەوە کردبوو کە ئەوەش پێویستی بە خوێندنەوە و تێگەیشتن و پراکتیك و هەنگاونان هەیە بۆ دەرباز بوون لە مەترسییە وجوودیەکانی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی ئێرانی (فارس) بۆ سەر نەتەوە و تاکی کورد کە پێویستان بە بەهێزبوون و دروستبوونی ناسنامەیەك لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم بە واتا مۆدێرنەکەی هەیە بە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی دوواکەوتوویی و "سوننەت" بە مانا فراوان و گشتگیرەکەی و چەقبەستن لە جیهانی پێش مۆدێرن "سوننەت" و تێپەڕین لە هزر و عەقڵیەت و "شوناسی" خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە، بۆ هزر و عەقڵیەتی مۆدێرن و بەگشتی ناسنامە و ئۆتۆنۆمیی"تاك" و "نەتەوە". بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ وەدیهاتنی ئەم ئایدیایە بوو کە پێویستی دروستبوونی گۆڕانکاری لە ڕێگەی پرۆسەی "مۆدێرنیزاسیۆن" لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانەوە بەرەو دۆخێك کە بەگشتی بە "مۆدێرنیتە" دەناسرێت، هاتە ئاراوە، کەئەم ئایدیایەش دواتر لە ٢٢ی ژانویەی ساڵی (١٩٤٦)ی زایینی، لە دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"دا، خۆی مانیفێست دەکات و ئەم "ناسنامە مۆدێرنە" لە ڕێگەی ئەم پرۆسە یان مۆدێرنیزاسیۆنە بەردەوامی بەخۆی دەدات، تا دووبارە بەرهەم هێنانەوە و مانیفێست کردنەوەی خۆی، لە دامەزراندنی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" و "فیدرالیزم" و "پەرلەمان" و...

بەکورتی "مۆدێرنیتە" پرۆژە یان پارادایمێکی (الگو) کلتوری و شارستانییە کە هەموو بوار و ڕەهەندەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، بەم مانایە کە "مۆدێرنیتە" وەکوو دۆخ یان هەلومەرجێك یان وەکوو لۆژیکی ناسینی جیهانی گۆڕدراوی پاش سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنێسانس و ڕیفۆرمی ئایینی و سەردەمی ڕۆشنگەری و بەگشتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی پیشەسازی لە پەیوەندی لەگەڵ گێڕانەوە (روایت) گەورە و جیاوازەکانی جیهان و بەگشتی دووبارە پێناسە کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و جیهان دەناسرێت. بەڵام "مۆدێرنیزاسیون" بە پرۆسەیەك دەگوترێت کە گۆڕانکاری لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕوانگە و ئامراز و شێوازەکانی زانستی و تێکنۆلۆژیکی و لەژێر کاریگەریی مەعریفە و کلتور و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بۆ گەیشتن یان هاوتەریب بوون بە "مۆدێرنیتە" دەکاتە ئامانجی خۆی، بۆ نموونە بەرجەستە بوونی ئەم ڕوانگە و عەقڵانییەتە زانستی ـ تێکنۆلۆژیکە لە مۆدێرنیزاسیونی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، خۆی لە بونیاتنانی دامەزراوە و ڕێکخراووەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا (بە مانا مۆدێرنەکەی) دەبینێتەوە، واتا بە عەقڵانی کردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەوابوو یەکێك لە گرینگترین بنەما یان ڕەگەزەکانی "مۆدێرنیتە" بریتیە لە عەقڵانیەت (Rationality) بە هەردوو ڕەهەندی مەعریفەناسی و بوونناسییەوە، کە لە "مۆدێرنیزاسیون"دا خۆی لە بەعەقڵانی کردن (Rationalization)دا دەبینێتەوە، جەوهەری عەقڵانییەت گەڕانەوەی مافێکە بۆ مرۆڤ کە پێشتر لێی زەوت کرابوو کە ئەویش "مافی دیاریکردنی چارەنووسە" بە هۆی بوونی مرۆڤ بە بوونێکی "سەربەخۆ" و حاکم لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆی لە ڕێگەی "عەقڵەوە"، لێرەوە مرۆڤ دەبێتە سوژە (subject) و جیهان دەبێتە ئۆبژە (object). هەروەها ئەم عەقڵانییەتە لەسەر بنەما و لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ چەمکی سیکۆلاریزم (secularism) وەکوو ئایدیایەکی "مرۆڤ تەوەر" کە لە مۆدێرنیزاسیۆندا بە "بەسیکۆلاربوون" یان بە سیکۆلاریزاسیۆن (secularization) دەناسرێت. هەروەها ئەم پێوەندیەش لە ڕێگەی جیاکردنەوە و سەربەخۆ بوونی ناسنامەی مرۆڤ وەکوو "تاك" یان وەکوو بوونەوەرێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە و خودموختار لە ناوکی کۆمەڵ و بنەماڵە و خوێن و عەشیرەت و سوننەت دەبێت کە بە "سەرەوەریی تاك" یان "تاك گەرایی" (individuality) و یان (Individualism)، کە وەکوو چەرکەساتی بوونناسانەی "مرۆڤ"، دەرخەر و یان بەرجەستەکەری "مۆدێرنیتە"یە، کە دواتر ئەم "تاکە" لە کۆمەڵگادا هەر وەکوو "هیگل" ئاماژەی پێدەدات دەبێتە "مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی" کە لە مۆدێرنیزاسیۆندا لە ڕێگەی پرۆسەی (Individualization)وە، ناسنامە وەردەگرێت و خۆی وەکوو کیانێکی "خاوەن ئیرادە" و "سەربەخۆ" لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بەرهەم دێنێتەوە. لەلایەکی ترەوە ڕەهەندی سیاسی "مۆدێرنیتە" خۆی لە "دێموکراسی"دا مانیفێست دەکات، بەم مانایە کە بەرجەستەبوونی عەقڵانییەتی ڕەخنەیی لە بواری سیاسیدا خۆی لە "دێموکراسی" بە مانا بەرفراوانەکەیدا بەرجەستە دەکات، کە ئەمەش لە ڕێگەی دروستکرنی دامەزراوە و حیزب و ڕێخکراو و یان "بەدامەزراوەیی" کردن (institutionalization)ەوە دەبێت، کە لە پرۆسەی "مۆدێرنیزاسیۆن"ی سیاسیدا بە دێموکراتیزاسیۆن (Democratization) دەناسرێت. کە بەگشتی کۆی ئەم ڕەگەز و ڕەهەند و فاکتەرانە پێکەوە کارلێك دەکەن.

دەتوانین بڵێین کە بەگشتی "مۆدێرنیتە" لە چوار ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کلتوری وکۆمەڵایەتی لە ڕێگەی "مۆدێرنیزاسیۆن"ەوە لەم بوار و ڕەهەندانەوە هەوڵی وەدیهاتنی دەدرێت، لێرەوە بە دامەزراندی"کۆماری کوردستان" هەول دەدرێت کە:

"سیاسەت" بە "عەقڵانی" بکرێت لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕەوایەتی یاسایی و دامەزراوەیی و یان ڕەوایەتی عەقڵانی، لەبریی ڕەوایەتی کلاسیك و کاریزماتیك و هەروەها لەسەر بنەمای کاری حیزبی لە چوارچێوەی سیستەمێکدا کە بەگشتی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا دیاردەیەکی مۆدێرنە،

بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بە ڕوانگەی نوێ لە حکومەت و حوکمڕانی وەکوو دیاردەیەکی سیکۆلار، بە بەهێزکردنی ڕوانگە یان جەخت کردنەوە لەسەر "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئاگایانە و وشیارانەی تاکەکان،

هەوڵدان بۆ چڕکردنەوە و بەناوەندی کردنی دەسەڵات و بەرجەستەکردنی لە حکومەتی کوردستان و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بڵاوی عەشیرەت و بنەماڵەیی، بەڵام دوبارە دابەش کردنەوەی دێموکراتیکی هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئەوکاتەی کوردستان،

هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا و بەرجەستەکردنی و جێبەجێکردنی یاسا،

پەرەپێدانی بیرۆکەی دادپەروەری لە نێوان هاووڵاتیان لە کۆمەڵگای کوردی و پیناسە کردنەوەی بە مانا مۆدێرنەکەی،

هەوڵدان بۆ بە دامەزراوەیی کردنی بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت ژنان و لاوان لە کاروباری گشتی و سیاسی،

بەرجەستە کردنی ئازادییە گشتییەکان و بەتایبەت ئازادیی رادەربڕین و پێکهێنانی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیاکان،

بڵاوکردنەوەی ڕۆحییەی ناسیونالیستی بەڵام لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی دێموکراتیك، بەهێزکردنی وەفاداری و پابەند بوونی سیاسیی تاکەکان و هێز و گروپەکان بۆ دەسەڵاتی کوردی لەبریی وەفاداری بۆ تاك یان بنەماڵە و عەشیرەت،

هەوڵدان بۆ دروستکردنی کولتورێکی سەردەمییانە و هاوبەش و یەکسان لەسەر بنەمای ناسنامەی کوردستانی بوون، هەوڵدان بۆ پێناسە کردنەوەی تاکی کوردستانی و تاکی کورد لەسەر بنەمای مافی هاووڵاتی بوون نەك ئایین یان عەشیرت و خێزان، لە ڕێگەی کارکردن لەسەر پەروەردەی مۆدێرن لەبری خوێندن و پەروەردەی کلاسیك (حوجرە) لە کوردستان لە هەموو ئاستەکانەوە و چاپکردنی کتێب وگۆڤاری جۆرارجۆر بە زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ بنەبڕ کردنی نەخوێندەواری،

هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی بازرگانی لە ناوخۆی کوردستان و تەنانەت لەگەڵ دەرەوەی کوردستان،

دروستکردنی هێزێکی ڕێکخراوی نەتەوەیی بە ناوی "پێشمەرگە"،

دروستکردنی ئاڵا و دەستنیشانکردنی سرودی نەتەوەیی و بوونیاتنانی هێماکانی مۆدێرنی نەتەوەیی،

هەوڵدان بۆ گواستنەوە لە قوناغی "بەکۆمەڵ بوون" بۆ قوناغی "بەکۆمەڵگا بوون" (جماعت به جامعه) پەرەپێدانی شارنشینی یان بە سەنتەر کردنی شار، کە لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا زۆر گرینگە،

گرێدانی نەتەوە و نەتەوەخوازی بە بنەما دێموکراتیکەکان و ئازادی ومافەکانەوە،

گرینگی دان بە گەشەپێدانی مرۆیی بە هەنارده کردنی "خوێندکار" بۆ خوێندنی باڵا لەو سەردەمەدا بۆ بونیاتنانەوەی ولات و هتد.

لێرەوەیە کە "کۆماری کردستان" دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی مۆدێرنی "کورد"، بەم واتایە کە "عەقڵانییەت" و "سیکۆلاریزم" و "ماف و ئازادی" و بەگشتی "سەربەخۆبوون و دیاریکردن چارەنووس" و هەروەها "بوون" و "ناسنامەی مۆدێرنی" کورد، چ وەك مرۆڤ (تاك) و چ وەك "نەتەوە"، خۆی لە "کۆماری کوردستان"دا مانیفێست دەکات. لە کۆتاییدا ئەگەر بمانەوێت بە کورتترین ڕستە پێناسەی "کۆماری کوردستان" بکەین دەتوانین بڵێین کە:

"کۆماری کوردستان هەنگاوانی مرۆڤ و نەتەوەی کوردە بەرەو مۆدێرنیە".



# قاسملوو، بیرمەند و ڕێبەری حیزبی دێموکرات

ئیدریس ئەحمەدی

مێژووی حیزبی دێموکرات دەکرێ لە زۆر ڕوانگەوە و بە زۆر مەبەستی جیاواز باس بکرێ. هەرچەند دوکتور قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا لە بەر هەڵبژاردنی مێتودی مێژووناسی دەوری تاك لە مێژووی حیزبدا کەم ڕەنگ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست هەڵسەنگاندنی دەوری تاك بێ لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەیەدا، دەکرێ چوار قۆناغ دەستنیشان بکەین. قۆناغی یەکەم پێکهاتنی حیزبی دێموکرات و دەوری قازی محەمەدە وەك یەکەم ڕێبەری ئەم حیزبە و دواتر سەرکۆماری کوردستان کە ئێستاشی لەگەڵ بێ باندۆری لەسەر گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی لە هەموو کوردستاندا هەیە. قۆناغی دووهەم لەدەستدانی سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتە لە سەردەمی ڕێبەری کردنی ئەحمەد تۆفێقدا. قۆناغی سێهەم نەك تەنیا وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی سیاسییە بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو هەروها بریتییە لە بونیادنانەوە، بەدامەزراوەیکردن، بەجەماوەریکردن و هەرووەها هەوڵدان بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات ببێ بە هێزێکی سەرەکیی کوردستان و تەنانەت بەرچاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتیش لە سەردەمی ڕێبەریکردنی دوکتور قاسملوودا. لەو ڕێگایەوەش و بە بەڕیوەبردنی شەڕێکی چەکدارانەی بەربڵاو و بەردەوام لەکاتی ژیانیدا و تا ڕادەیەك بە نێودەوڵەتیکردنی مەسەلەی کورد، بەرهەمی ڕێبەریکردنی دوکتور قاسملوو بوو. قۆناغی سێهەم و چوارەم لەگەڵ یەکتر تێکەڵن و قۆناغی ئەرکە قورسەکانی ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتە کە لە ئەستۆی ڕێبەری گەورە دوکتور شەرەفکەندی بوو. قۆناغی چوارەم هەروها قۆناغی ڕاگرتنی حیزی دێموکرات بوو وەك هێزێکی شوێندانەر لە ژێئۆپولیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پاش شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق.

لەوانەیە لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا ئاساییترین شت باس کردنی قۆناغی یەکەم بێ. هەڵبەت قۆناغی سێهەم ئەوەندە گرنگە کە زێدەڕوویی نییە باس لە ڕێنێسانی حیزبی دێموکرات بکرێ. بۆیە، لە جێی خۆیەتی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، هەردەم گرنگیی قۆناغی یەکەم و سێهەم پێکەوە باس بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی سێهەم گرنگییەکی هەیە کە کەم سرنجی دراوەتێ: ئەویش بریتییە لە داڕشتنی ستراتیژی بۆ حیزبی دێموکرات لە لایەن دوکتور قاسملووەوە.

وشەی "ستراتیژی" زۆر بەکار دەبرێ، بەڵام کەمجار پێناسە دەکرێ. پێویستمان بە پێناسەیەکی پوختە بۆ درك کردنی ئەوەی کە دوکتور قاسملوو نەك تەنیا ڕێبەر بوو، بەڵکوو بیرمەندێکی ستراتیژیکیش بوو. بێگومان لە مێژوودا، ئەو جۆرە ڕێبەرانە بە دەگمەن هەڵدەکەون.

ستراتیژی بریتییە لە سێ ماك. بۆیە، هەر بیرمەندێکی ستراتیژیك لە داڕشتنی ستراتژیدا، سێ ئەرکی لەسەرشانە. یەکەمیان بریتییە لە پێناسەکردنی پەرژەوەندیی نەتەوەیەك، وڵاتێك یان حیزبێك و هەر لەو پەیوەندییەدا دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی کە دەبێ خەباتیان بۆ بکرێ. دووهەمیان دەستنیشانکردنی مەترسییە لە سەر ئەو بەرژەوەندییانە (جا چ مەترسیی ئێستایی بێ یان ئی چاوەڕوان نەکراو). سێهەمیان بڕیاردانە لەسەر گونجاوترین شێوەی بەکاربردنی ئیمکاناتی سیاسی، ئابووری و نیزامی بۆ داکۆکیکردن لەو پەرژەوەندییانە و گەیشتن بەو ئامانجانەی لە پێشدا دیاری کراون. داڕشتنی ستراتیژی بەکورتی تێکهەڵپێچێکە لە ئیمکان و ئامانج. زۆرجار کەسێك، حیزبێك یان گرووپێك دێ و کۆمەڵێك ئامانجی گەورە دیاری دەکا و لەوانەیە بە بێ ئەوەی بزانێ، کۆمەڵێك دوژمن بۆ خۆی داتاشێ. بەڵام چوونکە گرنگی بە ئەرکی سێهەم نادەن، لە ڕاستیدا سەر ناکەون لە داڕشتنی ستراتیژی، بەڵکوو زۆرتر خەریکی دەربڕینی ئاواتەکان دەبن. بۆیە، ئەرکی سێهەم بڕیاردەرە لە پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژیدا چوونکە ئەو ئیماکانانەی کە لەبەردەستی هەر ئەکتەرێکی سیاسیدا بن، سنوورداری دەکەن لە دیاریکردنی ئامانج و ئارمانەکانی.

دوکتور قاسملوو بیرمەندێکی ستراتیژیك بوو چوونکە ئەو سێ ئەرکەی بە سەرکەوتووانە بەجێ گەیاند. دەکرێ بڵێین دوکتور قاسملوو یەکەم ڕێبەری کوردە کە بە شێوەیەکی تۆکمە ستراتیژیەك دادەڕێژێ. دوکتور قاسملوو بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کوردی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا پێناسە کرد. بەڵام بە هۆی دابەشبوونی کوردستان و بارودۆخی ژئۆپولیتیکی کوردستان، دوکتور قاسملوو داڕشتنی ستراتیژیی سنووردارکرد بۆ حیزبی دێموکرات و کوردستانی ئێران. بۆیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە بەر تیشکی بارودۆخی کوردستان ئێرانی ئەوکات لە شێوەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران دیاری کرد، کە دواجار لە ئامانجی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگیان دایەوە.

کۆماری ئیسلامی یان سیستمی حکومەتی ناوەندگەرایی وەکوو مەترسیی سەرەکی لەسەر بەرژوەندیی کوردی و خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێراندا دەستنیشان کرد. لەگەڵ ئەوەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاوی نەتەوەی فارس، عەرەب و تورك پشتیوانی دەکرێ، بەڵام دوکتور قاسملوو ڕای وابوو کە کورد نابێ ئەو نەتەوانە وەك دوژمن دەستنیشان بکا. بەڵکوو لە هەر چوار وڵاتدا، حکومەتی ناوەندیی ستەمکار و دژەکورد وەك مەترسی لەسەر بەرژوەندیی نەتەوەیی کورد دەستنیشان کرد. دواجار دەبێ کورد و ئەو نەتەوانەی دیکە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ یەکتر لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرنەسەر، بۆیە نابێ وەك نەتەوە ببن بە دوژمنی یەکتر. دوژمنایەتیی نێوان نەتەوەکان لە زۆر شوێنی جیهاندا سڕینەوەی ئێتنیکی و جێنوسایدی لێ کەوتووەتەوە، دوکتور قاسملوو دەیویست بە دوژمنایەتیکردنی حکومەتی ناوەندیی ستەمکار وەکوو مەترسی لەسەر بەرژەوەندیی کورد، نەتەوەی کورد لەو جۆرە دوژمنایەتییە بپارێزێ.

دوکتور قاسملوو بە دروستی پێی وابوو ئەو ئیمکانانەی لەبەردەست کورددان سنووردارن و ڕێگا نادەن ئامانجی بەرزتر لە وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دیاری بکرێ. بۆ نموونە بارودۆخی ژێۆپولیتیکی کوردستانی لەگەڵ بەنگلادێش بەراورد دەکرد و دەیوت بەنگلادێش دەیەویست لە یەك وڵات جیا بێتەوە و بە هۆی دەستڕاگەیشتنی بە دەریا خاوەنی قووڵایی ستراتیژیك بوو و پشتیوانیی وڵاتێکی گرنگی وەك هیندستانی هەبوو، لە کاتێکدا کورد لەگەڵ چوار دەوڵەت بەرەوڕووە و نە دۆستی هەیە و نە دەستی بە دەریا دەگا. کەوابوو، دوکتور قاسملوو هاوکات بیرمەندێکی ستراتیژیکی ڕاستیبن بوو و ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی لەسەر بنەمای پارسەنگی هێزدا داڕشت. (جێگای ئاماژەیە کە ڕێکخراوی کوردی هەن کە ئامانجیان سەربەخوییە بەڵام یان نەیانتوانیوە لە مەیدانی خەباتدا بن یان ئەوەی ناچاربوون وازی لێ بێنن و بە واتایەك زەرە لە بیری سەربەخۆیی کوردستان بدەن. ئەمەش نیشان دەدا کە خاوەن ستراتیژی نەبوون.) بەڵام دوکتور قاسملوو پێیوابوو کورد دەتوانێ لە فەزای کراوەی سیاسیدا، کەڵك لە هێزی جەماوەر بگرێ و خەڵك بە پشتیوانی ئامانجی وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس و دێموکراسی تەیار بکا. لە نەبوونی کەشی سیاسیی کراوە، قاسملوو بڕوای بە خەباتی چەکداری بوو و وەك دەیوت "ئێمە شەڕ دەکەین بۆ موزاکرە"، واتە، لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە، کورد دەتوانێ حکومەتی ناوەندی ناچار بکا بە گفتوگۆکردن و دوجاریش دانووستاندن بۆ چارەسەری ئاشتیانە و عادڵانەی پرسی کوردستان. دوکتور قاسملوو هەروەها پێی وابوو کورد دەتوانێ کەڵك لە دیپلۆماسی وەرگرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بۆیە لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا هەوڵێکی بەربڵاو درا بۆ نێودەوڵەتیکردنی مەسەلەی کورد. هەروها بە دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، شێوەیەکی دیکەی لە دیپلۆماسی وەرگرت کە بە "دیپلۆماسیی گشتی" ناسراوە و ئامانجی کاریگەری دانانە لەسەر ڕای گشتی. ڕادیۆی دەنگی کوردستان و بڵاکراوەکانی دیکەی حیزی دێموکرات بە زمانی فارسی بە مەبستی ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی فارس بوو لەسەر ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان و هەوڵدانی دروستکردنی دۆست و هاوپەیمان بۆ پرسی کوردستان و دێموکراسی لە ئێراندا لە نێو نەتەوەی فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا. تێرۆریزم ئامرازێکی دیکەیە کە کورد دەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، بەڵام دوکتور قاسملوو، کە خۆی بوو بە قوربانی تێرۆریزم، ئەو مێتودەی وەك پرنسیپ ڕەد دەکردەوە و بە زیانبەخشی دەزانی.

بە هۆی ئەوەوە کە قاسملوو هەم ڕێبەر و هەم بیرمەندێکی گەورەی ستراتیژیکیش بوو، هەر چۆن لەکاتی ژیانیدا باندۆری لەسەر کوردستان، ئێران و بگرە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەبوو، پاش شەهیدبوونیشی وەك لە یەکێك لە دروشمەکانی ئەندامانی حیزبدا بە دروستی هاتووە: "قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە."



# یەکهەڵوێستی پێویستییەکی مێژوویی و ئەرکێکی نەتەوەیی

شەهاب خالیدی

دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراو بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکان و پێکەوە کارکردن و یەکتر قبوڵ کردن و پێکهێنانی بەرەی هاوبەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بێگومان دەتوانێ خەڵك هیوادار بکات و کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیان بۆ دەستەبەر بکات.

هەر لەم ڕاستایەدا کوردەکانی سووریەش کە بەردەوام لە ژێر زەخت و گوشار و سەرکووتی بێبەزەییانەی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکانەی سووریەدا بوون و کەمترین مافیان بۆ ڕەوا نەبینراوە، قەت لە خەبات و تێکۆشان ڕانەوەستاون و بە هەر شێوەیەك کە بۆیان لوابێ، بەپێی هەلومەرجی وڵاتی خۆیان حیزب و ڕێکخراوی سیاسییان دامەزراندووە و بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان خەباتی کردووە.

دوای چەندین ساڵ زەخت و گوشار، ئێستاکە شەپۆڵەکانی بەهاری عەرەبی ڕوویان لە سووریە کردووە و بەداخەوە تا ئێستاش ئەو شەپۆلە بەهێزانەی بەهاری عەرەبی بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە، نەیانتوانیوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بێنن و ئیتر زۆرکەس وەك زستانی عەرەبی لە سووریە باسی لێوە دەکەن، یەکیەتی و یەك هەڵوێستیی کوردان و کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی کوردەوە ئەرکی ئەوەندە قورس و مێژووییان دەخاتە سەرشان، ئەگەر بە باشی ئەو ئەرکانەیان بەجێ نەگەیێنن، گەلی کورد و مێژووی کورد لێیان خۆش نابێ و باجی ئەو کەمترخەمیەیان دەدەن.

ئێستا دەرفەتێکی وا هاتووەتە پێش کە بەشێك لە کوردستانی ڕۆژئاوا لە دەستی کورددایە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بە دوور لە هەر چەشنە خۆ بەزلزانین و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی حیزبی و ڕێکخراوەیی، کار بۆ یەکدەنگی، یەك هەڵوێستی و پێکهێنانی یەك بەرە لە بەرامبەر پیلانە هەمەچەشنەکانی دووژمنانی کورددا بکەن و بەم شێوەیە کوردستانی ڕۆژئاوا بپارێزن، بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیارەدا کە ڕژاندنی خوێنی ڕۆڵەکانی کورد لەلایەن جەبهەی ئەلنوسرەوە بە حەڵاڵ زانراوە و بڕیاری جیهاد دژی گەلی کورد دەرکراوە، تەنیا و تەنیا یەکگرتن و پێکهێنانی یەك بەرە لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەتوانێ پیلانەکانیان یەك لە دوای یەك بکاتە بڵقی سەر ئاو و کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیان بۆ وەدی بێنێ.

ئێستا چاوی کوردان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە لە کوردستانی ڕۆژئاوایە و هەر گوولەیەك کە لە جەستەی ڕۆڵەیەکی کورد لەو بەشەدا دەکەوێ، بێگومان دڵی ئەوانیشی دەخاتە ژان و زیاتر ئازاریان دەدات. هەر بۆیەش یەکیەتی و یەکدەنگییەکان دەتوانێ گەلی کورد لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە هیوادار بکات و یارمەتیی ئەوانیش بۆلای خۆیان ڕاکێشێ. لەو ڕاستایەدا ئەو حیزب و لایەنانە دەتوانن زۆرترین خۆشەویستی بۆ خۆیان لە نێو گەلی کورددا بەدەست بێنن، کە ئامادە بن زۆرترین بەها بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی بدەن. هەر بۆیەش هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بەجێ گەیاندنی ئەرکی پیرۆزی نەتەوەیی لە قۆناغی ئێستادا دەتوانێ زۆرترین دەستکەوت بۆ ڕۆلەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا وەدی بێنن و گەلی کوردیش لە داهاتوودا دەتوانێ ببێتە خاوەن کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیك کە تێیدا یاسا سەروەر بێ و پلۆرالیزمی سیاسی لە پێوەرە سەرەکییەکانی پێناسەی ئەو کۆمەڵگا دێموکراتە بێ.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 611 ▪ 22 Aug 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### ڕووحانی و بەڵێنییە نێوبەتاڵەکانی

پێش لە هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی و لە ململانێی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماریدا، ناوبراو کۆمەڵێك وادە و بەڵێنی بە خەڵکی ئێران دا و ڕەنگە هەر ئەم وادە و بەڵێنییانە و بە شێوەیەکی سیستماتیك ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکان، بوون بە هۆی ئەوەیکە بەشێك لە خەڵك دەنگ بە کەسێك بدەن کە وادەی دادوەری و ئیعتداڵی دەدا.

هەر وەك مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەلماندوویەتی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە تا پێش گەیشتن بە دەسەڵات زۆر فیگۆڕێکی دادپەروەرانە بە خۆیانەوە دەگرن. بەڵام دوای هاتنە سەرکاریان هەموو ئەو فیگۆڕانە تەشك دەگۆڕن و دەمامکی فریو و چەواشەکاری لە ڕواڵەتیان لا دەچێت و سیمای نگریس و ڕاستەقینەیان زیاتر لە جاران بۆ کۆمەڵانی خەڵك ئاشکرا دەبێت.

لەم پێوەندییەدا دەتوانین هێما بکەین بۆ وادە و بەڵێنییەکانی خومەینی لە پاریس پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران و تەنانەت وردە کاربەدەستانێکی دیکەش وەك خاتەمی و ئەحمەدی نژاد و سەرکۆماری ئێستای ڕێژیم واتە حەسەن ڕووحانی کە پێش هاتنە سەرکار بە دانی وادە و بەڵێنی نێوبەتاڵ بیروڕای گشتی خەڵکیان بەلاڕێدا برد بەڵام دواتر نە تەنیا وادەکانیان نەبردە سەر، بەڵکوو بە پێچەوانەی بەڵێنییەکانیان هەنگاویان هەڵگرت.

حەسەن ڕووحانی وادەی دابوو بەشێك لە ئەندامانی کابینەکەی لە ژنان پێك بێت. زمانەکانی کوردی و ئازەری لە قوتابخانەکان بخوێنرێن و لە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئاستی باڵای بەڕێوەبەریی وڵاتدا سوود وەربگرێت و لە هەمووی گرینگتر وادەی دا چیدیکە کەشی زاڵ بەسەر وڵاتدا ئەمنییەتی نەبێت چون ئەو بە وتەی خۆی یاساناس بوو نەك سەرهەنگ. ئەمانە بوون بە هۆی دروستبوونی کۆمێنتێ وەك، سپاست دەکەین ڕووحانی.

بەڵام ئێستا تەنیا بە ڕستەیەك دەڵێت هەلومەرج و بارودۆخی وڵات بۆ ئەوە نابێ ژنان ببنە وەزیر. بە هەڵبژاردنی عەلی جەننەتی وەك وەزیری فەرهەنگ و ئیرشاد سەلماندی کە ئێران تەنیا وڵاتی فارس زمانەکانە و بە وتەی وەزیرەکەی کارێك دەکا کە هەموو پارسی زمانەکان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان چون ئێران نیشتمانی پارسی زمانەکانە و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران تەنانەت وەك میوانیش حسێبیان بۆ نەکرا. بە دەسنیشانکردنی وەزیرەکانیشی نە تەنیا کوردێك نەبوو بە وەزیر یان جێگری وەزیر، بەڵکوو سوننە ئایینێکیش نەبوو بە هیچ کارە لە پۆستێکی باڵای وڵاتدا. لە کۆتاییشدا حەسەن ڕووحانی بە گونجاندنی چەندین کەسی ئەمنییەتی لە کابینەکەیدا سەلماندی کە ڕاستی وتووە سەرهەنگ نییە بەڵکوو پلەی لە سەرهەنگ بەرزتر و وەك سەرتیپ و سەرلەشکەر لەگەڵ خەڵکی ئێراندا دەجووڵێتەوە.

هەر بۆیە ئێستا کۆمێنتەکان گۆڕدراون و بە ڕاشکاوی باس لە فریوخواردنیان دەکەن و دەڵێن، بەداخەوە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد ڕووحانی!

# فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە بە وزەی خۆر کار دەکات



لە داهێنانێکی نوێدا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بەرهەمهاتووە کە ناوی تیتانە و بە وزەی خۆر کار دەکات.

کۆمپانیای دروستکەری فڕۆکەکە، نموونەی بچووکی ئەو فڕۆکەیەی بە سەرکەوتووییەوە تاقیکردەوە.

بڕیار وایە نموونەی ڕاستەقینەی فڕۆکەکە بە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بە درێژایی باڵەکانی کە درێژییان ١٦٢ سانتیمێترە لە ماوەی ئەمساڵدا بەرهەم بهێنرێ.

ئەو فڕۆکەیە بە تێچوویەکی زیاترەوە، توانای هەیە هەمان ئەو خزمەتانە پێشکەش بکات کە مانگە دەستکردەکان پێشکەشی دەکەن.

# بوونی هەشت منداڵ لە بنەماڵەیەکدا لە چین کێشەی دروست کردوە



ژن و مێردێکی چینی لە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە تووشی کێشەیەکی زۆر بوونەوە لەبەر ئەوەی ٨ منداڵیان بووە و ئەوەش لە چیندا بە پێشێلکارییەکی توندی یاساکان دادەنرێ، چونکە ئەو وڵاتە ڕێگە نادا هیچ خێزانێك لە یەك منداڵ زیاتری هەبێ و ڕێوشوێنی سزادانی ئەو دوو هاوسەرە بریتی بوو لە ناچارکردنیان بۆ چوونە دەرەوە لەو ڤیلایەی تێیدا دەژیان.

وێڕای ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە لە ناوچەی گوانگجۆی باشووری چین دەژین و ٨ منداڵیان لە ساڵی ڕابردوودا بوو، بەڵام چیرۆکەکە تا ئەو کاتە بە نهێنی مابووەوە کە وێنەی ئەو خێزانە گەیشتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن هێمایان بۆ ئەوە کرد کە ئەو دوو هاوسەرە ناچاربوون پەنا بەرنە بەر پیتاندنی دەستکرد دوای ئەوەی چەند ساڵێك منداڵیان نەبووە و یەکەمین پیتاندنی دەستکردیان نزیکەی ١٥٧ هەزار دۆلاری ئامریکایی تێچووە.

ئەو ڕاپۆرتانە ڕوونیان کردەوە کە دایکەکە خۆی ٣ منداڵی بووە و ٥ منداڵەکەی تریشی بەهۆی دایکانی ترەوە بووە و ئەو خێزانە ناچاربوون نزیکەی ١١ کەس بەکرێ بگرن بۆ چاودێریکردنی ٨ منداڵەکەیان.

هەروەها ڕوونیان کردەوە حکوومەتی ئەو ویلایەتەی هاوسەرەکانی لێ دەژی، دوای ئاشکرابوونی دەستبەجێ لێکۆڵینەوەیان دەست پێکردووە و لیاو زینبۆی بریکاری وەزیری تەندروستی گوتی: ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان دەوڵەمەندبوون ئیدی مافی ئەوەیان هەیە ئەو هەموو منداڵەیان هەبێت. بوونی ئەم ژمارە زۆرەی منداڵ پێشێلکاری یاساییە و مانای ئەوەیە ئەوان ڕێزیان لە بەهاکانی ژیان و منداڵەکانیان نەگرتووە.

# ماسی دڵ بەهێز دەکات



لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئاشکرای کردووە مەترسییەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ لەلای ئەو ئافرەتانەی لە سەروبەندی منداڵبووندان و ئەوانەی بە ڕێکوپێکی ماسی دەخۆن زۆر کەمترە لە چاو ئەو کەسانەدا کە ماسی هەر ناخۆن یان زۆر کەم دەیخۆن.

ئەم لێکۆڵینەوە کە لە وڵاتی دانمارك ئەنجام دراوە و گۆڤاری ئەمریکەن هارت ئۆسیشن بڵاوی کردووەتەوە یەکەمین توێژینەوەیە کە جەخت لەسەر ئەو ئافرەتانە دەکاتەوە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٤٩ ساڵیدایە و بایەخی داوە بە کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی گۆشتی ماسی لەسەر تەندروستی دڵ.

لێکۆلەران ڕوونی دەکەنەوە ڕێژەی کێشەکانی دڵ لە دەماردا لای ئەو ئافرەتانەی ماسی زۆر دەخۆن یان نییە یان زۆر کەمە بە بەراورد لە چاو ئەوانەدا کە ماسی ناخۆن و جیاوازییەکە بە ڕێژەی ٥٠ لەسەدە لە ماوەی ٨ ساڵدا.

مەترسی نەخۆشییەکانی دڵ و لاوازبوونی لای ئەو ئافرەتانەی ماسی زۆر کەم دەخۆن یان هەر نایخۆن بە ڕێژەی ٩٠ لەسەد زیاترە لە چاو ئەو ئافرەتانە کە ماسییان کردووەتە ژەمێکی بەردەوامی هەفتانە.

توێژینەوەکە ٤٩ هەزار ئافرەتی گرتەوە کە ناوەندی تەمەنیان ٣٠ ساڵە.

زۆرینەی ئەو ئافرتانەی ماسی دەخۆن گوتیان لە جۆرەکانی سپی و سەلەمۆن دەخۆن کە ڕۆنی پڕ لە ئۆمێگا ٣ی تێدایە کە پێدەچێ هۆکاری سەرەکی بێت بۆ هێشتنەوەی دڵ بە بەهێزی.